حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان

# پەروەردەی ئیسلامی وئاییناسی

## پۆلی دوانزەمی ئامادەیی


**ئامادەکردنی**

لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە

**پێداچوونەوەی زانستی**

د. محمد شاکر محمدصالح
ڕاگری کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان
زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

عبدالله عبدالرحمن بابان



**چاپی یەکەم** **١٤٣٦ کۆچی** **٢٠١٥زایینی** **٢٧١٥کوردی**

سەرپەرشتی زانستی:   فاروق محمد علی عباس
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عوسمان پیرداود کواز
ئاری محسن احمد
نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ و ئەرشیفی وێنەکان و بژاری هونەری: ئاری محسن احمد

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

ماموٚستایان و قوتابیانی خوٚشەویست، ئەمەی لەبەر دەستاندایە پروٚگرامی بڕیار لەسەر دراوی بابەتی (پەروەدەی ئیسلامی و ئاییناسی) یە بوٚ پوٚلی دوانزەمی ئامادەییو قوٚناغی سێیەمی خوێندنی پیشەییە، لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەم پروٚگرامە بە هەنگاوێکی گەورە لە بواری وتنەوەی ئەم بابەتە دەژمێردرێت، چونکە چەندەها ساڵە ئەم بابەتە لە ژێر باری پروٚگرامێکی کلاسیکی کوٚنەوە دەناڵێنێت، کە نەیتوانی ئامانجی وتنەوەی ئەم بابەتە بپێکێت، بوٚیە لە پاش ئەنجامدانی چەندەها لێکوٚڵینەوەی مەیدانی لە لایەن پسپوٚڕانی ئەم بوارەوە، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێویستی زانی پروٚگرامێکی نوێ بوٚ ئەم بابەتە دابڕێژرێت، کە بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنە کوٚمەڵایەتییەکان، و ڕێنیشاندەربێت بوٚ قوتابییە خوٚشەویستەکانمان لە ناسینەوەی ڕاستی ئاینە پیروٚزەکەیان،و هەروەها زانیاریان لە سەر ئاینەکانی دیکەش هەبێت، بوٚ دەوڵەمەند کردنی باری مەعریفیان، چونکە زوٚربەی ئەم ئاینانە لە کوردستانو عیراق شوێنکەوتویان هەیە.

بە خوێندنو خوێندنەوەی بابەتەکان ئەوەتان بوٚ ڕووندەبێتەوە کە بابەتەکان بەشێوازێکی هاوچەرخانە ئامادەکراونو دەخوازن دیدێکی کراوەو ڕوٚشنو بێ گرێو گوٚڵ بوٚ قوتابیان دروست بکاتو بیانپارێزێت لە تێگەیشتنی ناڕاستو کەموکورت دەربارەی ئیسلام وەك ئاینی زوٚرینەی هەرە زوٚری کوٚمەڵگەکەمان.

هەروەها تازەگەری لە چوٚنیەتی خستنەڕووی بابەتەکانیش کراوە، لە کوٚتایی بابەتەکاندا کوٚمەڵێك پێشنیارو گفتوگوٚو پرسیار وروژێنراوە بوٚ ئەوەی قوتابیانیش بەشداری لە دەوڵەمەند کردنی وانەکەدا بکەنو تەنها وەك ئەرکێکی قوتابخانەی خوٚیان نەچنە پوٚلەکانەوە بەڵکو مەبەستیان سود وەرگرتنو پەروەردەبوونو بەرزکردنەوەی ئاستی هوٚشیاری خوٚیان بێت، ئێمە دڵنیاین ئەم پروٚگرامە دەبێت بە یەکێك لە پروٚگرامە پێشکەوتووەکانی، نەك تەنها لە عیراق بەڵکو لە خوٚر هەڵاتی ناوەڕاستیشو ڕوٚڵی زوٚر دەبێت لە بەرزکردنەوەی ناو و ناوبانگی هەرێمو بەرەو پێشبردنی ڕەوتی بیری چاکسازیی لە بواری فیکری ئیسلامیو پروٚگرامی ئاین لە ناوەندەکانی خوێندندا، هیواداریین ماموٚستایانیش وا سەیری ئەم بابەتە بکەن کە ڕوٚڵێکی گەورە دەگێڕێت لە پەروەردەکردنو پاراستنی شوناسی نەوەی نوێو کردنەوەی ئاسوٚی نوێ بەڕوویدا هەر لەو سوٚنگەشەوە بە بایەخەوە بابەتەکانی بە قوتابیان بڵێنەوەو ئەرکی سەرشانیان لەم رووەوە

جێبەجێ بکەن.وئەم چەند خاڵەش وەك ڕێنوێنیو ئاسانکاری دەخەینە بەر دیدی مامۆستایانی بەڕێز:

١ – دابەشکردنی بابەتەکان بۆ چەند وانەیەك، تەنها بۆ کار ئاسانی مامۆستایانە، ئەگەر وتنەوەو تەواکردنی بابەتکە بخوازێت ئەم دابەشکردنە تێپەڕێنێت ئاساییە.

٢ – مامۆستایان بۆ هەر وانەیەکی نوێ پێشتر داوا لە قوتابیان بکەن وەك ئەرك خۆیانی بۆ ئامادە بکەنو سەرەتا لە پۆلدا لە ڕێی هەندێك پرسیارەوە بەشداری وتنەوەی وانەکە بکەنو دواتر مامۆستا وانەکە شی بکاتەوە.

٣ – مەبەست لە نەهێشتنی لەبەرکردن دورخستنەوەی قوتابییە لە (تەلقین)ە، بۆیە نابێت لە تاقیکردنەوەکانیش پرسیاری قورس بهێنرێتەوە قوتابی پێ بترسێنرێت، چونکە مەبەست لەم وانەیە پەروەردەکردنی قوتابییە نەك ترساندنی.

٤ – سروشتی بابەتەکان وا دەخوازن مامۆستایانی بابەت بە باشی خۆیان ئامادە بکەن، کە گومانمان لە وەدا نیە کە ئەوانیش درك بەم مەسەلەیە دەکەن.

٥ – داواکارین لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان بایەخ بەم بابەتە بدەن بە دەستنیشان کردنی مامۆستای پسپۆڕو لێهاتوو بۆ وتنەوەی بابەتەکە، چونکە سیاسەتی نوێی پەروەردەیی حکومەتی هەرێم بایەخدانە بە پەروەردە کردنی نەوکانی ئەم هەرێمە.

٦ – پێویستە مامۆستایان بایەخ بدەن بەو پرسیارو گفتوگۆیانەی لە کۆتایی هەر وانەیەك دانراون لە کتێبەکە، بە مەبەستی جوڵاندنەوەی مێشکی قوتابیانو ڕاهێنانیان لە سەر بیرکردنەوەو گفتووگۆو شیکردنەوە، کە بێگومان لەم کارە لە بابەتەکانی دیکەی خوێندنیش سوود مەند دەبن.

**خودای گەورە پشتو پەنای هەمووان بێت.**

**سەرپەرشتیاری زانستی**

# وەرزی یەکەم

(وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا)

( طه ١١٤ )

# بەشی یەکەم

# باوەڕناسی

قال تعالى :

((انّا نحن نزَّلنا الذّكر وانّا لَهُ لَحافِظون))

(الحجر ٩)

## وانەی یەکەم

# باوەڕ و واتا بەخشین بە ژیان



یەکێك لە ئەرکە هەرە بنەڕەتیەکانی باوەڕ و بە گشتی ئاینو بە تایبەتیش ئاینی ئیسلام وەك دوا پەیامی خودا بۆ مرۆڤ بریتییە لە واتا بەخشین بە ژیانو رزگار کردنی مرۆڤ لە هەست کردن بە بێ هودەیی و بێ ئامانجی لە ژیاندا، ئەم رۆڵەی باوەڕو ئاین لە سەردەمی ئێستاو لە ناو دونیای جەنجاڵی زانستی و پیشەسازی نوێدا زۆر تر بووە . چونکە مرۆڤ لە جاران زیاتر پێویستی بەوەیە هەست کردن بە ماناداری ژیانی خۆی لە دەست نەدا و بە دەربڕینی قورئان خۆی لە بیر نەچێتەوە. ئێمەش هەوڵدەدەین ئەم رۆڵەی باوەڕ و ئیسلام بخەینە روو :

پێویستی یەکەمی مرۆڤ بە ئاین لەم روەوە لە کەمو کورتی سروشتی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت، هەمووومان ئەوە دەزانین کە کەمو کورتی بەشێکی جیانەکراوەی سروشتی مرۆڤە ، تێڕامانی زۆرمان ناوێت تاکو ئەوەمان بۆ دەر بکەوێت کە ئێمە توانای کۆنترۆڵکردنی هەندێ بارو دۆخ و حاڵمان نیە، کە دوچاری کێشەو نارەحەتی زۆرمان دەکەن، هەندێك جاریش هەستی نەرێنیمان لا دروست دەکەنو توشی خەمۆکی و ترسو هەست بە تەنیایی و نائارامی دەرونیمان دەکەن.

هەروەها هەندێك روداوی لە وێنەی جەنگو شکستو هەژاری ونەخۆشی هەن، کە بەردەوام بیری لاوازی و زیانو روداوە لە ناکاوەکان دێنێتەوە، کە ئارامی و دڵنیایی دەرونی و گیانیمان لا هەڵدەگرن.

زۆر کەسی دیکە لە رەفتارە نەرێنیەکان خۆیان و بێتواناییان لە گۆڕینی هەڵویستی کەسانی دیکەو بەردەوام بوونی ستەمو نادادوەری لە ژیاندا دوچاری دڵەڕاوکێ دەبن و ئازاریان دەدات.

هەموو ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی شڵەژان و نائارامی دەرونی، سەرەتا هەست کردنی مرۆڤ بەم کەلێن و کۆت و کەمو کورتیانە سەرەتای گەڕانەوەیەتی بۆ ئاین.

بەم جۆرەش یەکێك لە سوودەکانی باوەڕو ئاین دەبێتە یارمەتیدانی مرۆڤ بۆ سەرکەوتن بەسەر کەمو کورتی و ناتەواوییەکانی.

وە لە رێی پشت بەستن بە ئەوو داوای یارمەتی لێکردنی هەست بە پشت و پەناو گەورەیی و توانایی دەکات و لەبەردەم کەمو کورتی و ناتەواویەکانی وەك مرۆڤێك چۆك دانادات.

مرۆڤ هەست بە تەبایی و ترس لە مردن و بەدی نەهاتنی ئاواتەکان و لەدەست دانی ئازیزان و دووچاربوون بە نەخۆشی و جۆرەها ئازاری دیکە دوچاری نائارامی و سەراسام بوونی دەکەن، بۆ ئەوەی مرۆڤیش بەرگەی ئەم ئازارو ناڕەحەتیانە بگرێت و لەبەر دەمیاندا هەرەس نەهێنێ ، دەبێت مانایان پێ بدرێت و لێکبدرێنەوە ، مانادان بە ئازارەکانمان لە دۆخێکی نەرێنییەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ دۆخێکی ئەرێنی، ئەم ئەرکەش ئەرکی باوەڕو ئاینە بە گشتی.

باوەڕو ئیسلام وەك ئاین ئەوەمان فێردەکەن کە بەڵاو ناڕەحەتیەکان دەکرێت بکرێنە دەرفەتی قاڵبون و زیاتر تێگەیشتن لە ژیان و پاڵفتەکردنی دڵ و دەرون و بەرەو تەواوی چوون و لە خودا نزیك بوونەوە و دەستکەوتنی پاداشتی زۆر، باوەڕدار دەزانێ نەخۆشی هەمووی شەڕ نیە، و خودایەك هەیە دەتوانێت شیفای بدات:﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ﴾ الشعراء/ ٨٠.

واتە:ئەو خودایەیە کاتێك نەخۆش دەکەوم شیفام بۆ دەنێرێت.

**پرسیار:**

١ - سوودەکانی باوەڕ بۆ دڵئارامی و ئاسوودەیی مرۆڤ چین؟

٢ – جیاوازی مرۆڤی باوەڕدار لە گەڵ مرۆڤی بێ باوەڕ چییە لە مامەڵەکردن لە گەڵ نەهامەتی و لێقەومان؟



## وانەی دووەم

# باوەڕو ئەرێنی بوون لە ژیاندا

ئەرێنی بوون واتە چالاکبوونو هەست بە لێپرسراوێتی کردنو گەشبینانە ڕوانیە ژیان وکارلێکردن لەگەڵ ئامانجدا ، پێچەوانەی نەرێنی بوونە کە مانای کەمتەرخەمی و ڕەشبینی و هەست بە لێپرسراوێتی نەکردنو پاشەکشەو شکستی دەگەیەنێت.

**باوەڕو ئەرێنی بوون:**

باوەڕ چووە هەر دڵێکەوە ئەو مرۆڤە خاوەن هۆشیاریەکی ڕاستو دروست بوو جوڵەو زیندوێتی و گەش بینی دەخولقێنێت، باوەڕ گیانی ئەرێنیو پاڵدانەوە لە مرۆڤدا لاواز دەکاتو هانی دەدات بۆ کار کردنو بەخشینو داهێنانو هەوڵو تێکۆشان.

باوەڕ پاڵنەرێکی ناوەکی و خودییە لە مرۆڤدا کە هانی دەدات لەسەر چاکەخوازی و بەدەرفەت زانینی ژیانی دنیاو خێردانەوە بۆ خۆیو خێزانو کۆمەڵگاکەی، لە هەر شوێنێكو کاتێك باوەڕ بەم واتایانە نەبەسترابۆوە دەبێت بزانین تێگەیشتنێکی هەڵە لە هزردا، یاخود خامۆشیو کزییەك لە باوەڕدا هەیە، ئەرێنی بوونی باوەڕدار لە ژیاندا لە دوو ڕووەوە دەخەینە ڕوو.

**یەکەمیان** – لە ڕووی لابردنی ئەو بیرکردنەوەو هەستو ڕەفتارانەی لەگەڵ ئەرێنی بوون لە ژیاندا ناگونجێنو دەبێت هەریەك لە ئێمە لە کەشتی خۆماندا بکەوینە شەڕ لەگەڵیاندا.

**دووەمیش** – ئەو هۆکارو پاڵنەرو هەستو بیرکردنەوانەی وامان لێ دەکات لە ژیاندا ئەرێنی بینو ئیسلام جەختیان لێ دەکاتەوە.

**یەکەم – هۆکارەکانی نەرێنی بوون:**

بۆ ئەوەی ئەرێنی بین و هەر بەو جۆرەش بمێنینەوە دەبێت ئەو هۆکار و هەستو نەخۆشیانەمان لەبەر چاو بێت کە دژی ئەونو پێویستە خۆمانیان لێ ڕزگار بکەین، لەوانەش:

١ – **ڕاڕایی و دوودڵی** : دوودڵی و ڕاڕایی نیشانەی لاوازی ویست و کەسێتی یەو توانای بڕیارو دەست پێشخەری لە مرۆڤ دەستێنێتەوە، مرۆڤی ئەرێنی کەسێکە لە کاتی پێویستدا توانای بڕیاردانی هەیە، بە تایبەتی دوای بڕیاردان نابێت ڕاڕا بێت.

ڕاڕایی چەندین دەرفەتی چاکە و سەرکەوتن لە دەست مرۆڤ دەدات.

٢ – **بێزاری**: مرۆڤ بە هۆی بێزاریو بێتاقەت بوونەوە زۆر جار لە نیوەی ڕێگادا دوچاری شکست دەبێتو پاشەکشە دەکات، گەر دوچاری بێزارییەکی کاتیش بووی نابێت بهێڵیت تێکەڵ بە کارو ئامانجەکانت ببێت. هەروەك گوتراوە بێزاری دوژمنی سەرکەوتنەو هۆی بە فیڕۆدانی وزەی مرۆڤو لە دەست دانی ئامانجی گەورەی لە ژیاندا.

٣ – **تەمبەڵی** : تەمبەڵی هۆکاری شکستو کەم تەرخەمیو کات بە فیڕۆدانە هەژاریو دۆڕانو دواکەوتنە، بۆیە مرۆڤی باوەڕدار دەبێت لێی دور بکەوێتەوە، تەمبەڵی لە عیبادەت سیفەتێکی دوڕووەکانە هەروەك دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ النساء/١٤٢. **واته:** دوڕووەکان دەیانەوێت خودا بخەڵەتێنن، کاتێك دەیانەوێت نوێژەکانیان بکەن بە تەمبەڵییەوە ڕاست دەبنەوە، پێغەمبەریش ( د.خ) دەفەرموێت :((اللّهم إنّي أعوذ بك من الكسل)) خودایە خۆم دەپارێزم بە تۆ لە تەمبەڵی.

لەقورئاندا باوەڕ هەمیشە لەگەڵ هەوڵو تێکۆشانو ئەنجامدانی کاری چاکە باس کراوە هەر بۆیە باوەڕو تەمبەڵی دوو شتی دژ بەیەکنو لەگەڵ یەکدا کۆنابنەوە، پێشەوا(عەلی کوڕی ئەبو تالیب(رخ) ) دەفەرموێت:((تەمبەڵی کلیلی کلۆڵی یە، بەهۆی ئەوەوە نەداریو دەست کورتی دێتە بوونو تیاچوون بەرهەم دێت)).

٤– **شەرمنی و تەریق بوونەوە**: تەریقیو شەرمنی نەخۆشینو ئیرادەی مرۆڤ لاواز دەکەنو دژی ڕۆحی باوەڕو بیرکردنەوەی ئەرێنین، مرۆڤی ئەرێنی هەمیشە ڕۆحی موغامەرەیەکی عەقلانی هەیە، شەرمنی وات لێدەکات نەتوانی داوای مافی خۆت بکەیتو هەق بڵێیتو بوونی خۆت بسەلمێنیتو بیروڕاکانت بە جوانی دەرببڕیت، بەهێزکردنی متمانە بەخۆبوون چارەسەری شەرمنییەو باوەڕ هەستی شانازی کردن بە کەسێتی خۆی تیا دەڕوێنێت، لێرەشەوە وەك کەسێکی ئەرێنی دەجولێتەوە، لێرەدا نمونەیەك بۆ ئەرێنی بوون و متمانە بە خۆبوون و شانازی کردن بە خۆوە دەهێنینەوە، ئەویش هەڵوێستێکی هاوەڵی پێغەمبەر(دخ)( ڕەبعی کوڕی عامرە)(خودا لێی ڕازی بێت) کاتێك وەك نوێنەر چووە کۆشکی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، کە لێیان پرسی ئێوە ئامانجتان چییە و شوێن چی کەوتوون؟ بە متمانە بە خۆبوونەوە گوتی:((ئێمە هاتووین خەڵکی ڕزگار بکەین لە بەندایەتی بەندەکانەوە بۆ بەندایەتی خودای گەورە و لە ستەمی ئاینەکانەوە بۆ دادپەروەری ئیسلام، لە تەنگەتاوی دنیاوە بۆ فراوانی دنیا و قیامەت)).

٥– **کار دواخستن** : مەبەست لە کار دواخستن ئەنجام نەدانی کارەکانە لە کاتی خۆیانداو کاری ئەمڕۆ بخرێتە سبەینێو هەروەها کە ئەمەش یەکسانە بە کەمتەرخەمیو لاوازی گیانی بەرپرسیارێتیو جدیەت لە ژیاندا، گرنگە هەریەك لە ئێمە ئەوە بزانێت کە کاروانی ژیان لەسەر ئێمە ناوەستێت بۆیە هەرکەسێك دەستو برد بکات دەگاتە مەنزڵ و ئاواتەکانی، بەڵام ئەوەی کەمتەرخەمی بنوێنێت دوا دەکەوێت، ئەم سیفەتە لە باوەڕداری هۆشیاری مرۆڤەوە دوورە چونکە کەسی باوەڕداری ئەرێنی نەك هەر بە پاڵ دانەوەو کار دواخستن ڕازی نابێت، بەڵکو بە عەقڵێکی

کێبڕکێکردنەوە دەڕوانێتە ژیان چونکە هەمیشە چاوی لە سەرکەوتنی زیاترو باشترو ڕۆڵی گەورەتر بڕیوە، خودای گەورەش داوای لێکردووین ڕۆحی کێبڕکێ لەسەر چاکە تیاماندا زیندو بێتو دەفەرموێت:﴿ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ آل عمران /١٣٣ . **واتە**: دەستوبرد کەن بۆ لێخۆشبوون لەلایەن پەروەردگارتانەوە و بەهەشتێك کە پانتاییەکەی هێندەی ئاسمانەکانو زەوییە و ئامادە کراوە بۆ باوەڕدارانی خۆپارێزو ئەوانەی لە ژیاندا هەست بە لێپرسراوێتی دەکەن.

**پرسیار:**

١ - ڕۆڵی باوەڕ لە ئەرێنی بوونی مرۆڤ لە ژیاندا چییە؟

٢ - قورئان چۆن هانی باوەڕداران دەدات بۆ ئەوەی ئەرێنی بن لە ژیاندا؟

٣- گرنگترین هۆکارەکانی ئەرێنی بوون چین؟

**گفتوگۆ:**

لە ڕۆاڵەتەکانی باوەڕداری ڕاستەقینە پابەند بوونە بە ئەرکو لێپرسیارێتییەوە. چۆن ئەمە بە بەڵگە دەسەلمێنیت؟

**ئەرك :**

چەند نمونەیەك بۆ ئەرێنی بوونو متمانە بە خۆبوونو شانازی کردن بە خۆوە، لە مێژووی هاوەڵانی پێغەمبەر بهێنەوە.

## وانەی سێیەم

### پاڵنەرەکانی ئەرێنی بوون لە ژیاندا :




لەم رووەشەو گەر هەندێك لە ئیسلام ورد بینەوەو بە جوانی لە جەوهەرو ناوەڕۆکەکەی شارەزا بین، دەبینین کە جەخت لە چەندین بەهاو رەفتارو بنەما دەکاتەوە بۆ ئەرێنی بوون لەوانەش:

١ – بونەوەرو ژیان لە روانگەی ئیسلامەوە ئامانجدارەو مرۆڤیش دەبێت لە ژیاندا بۆ ئەو ئامانجانە بژیت لە پێناویدا بەدیهاتووە:﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَـٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾(ص٢٧). **واتە**: ئێمە ئاسمانەکان و زەویمان بێ هودەو بێ ئامانج بەدینەهێناوە، ئەوە گومانو بۆچونی خوانەناسانە، ئامانجدار بوونیش لە ژیاندا هۆکارێکی گرنگی ئیجابی بوون و جوڵە و چالاکییە.

٢ – فەلسەفەی ژیان لە ئیسلامدا تاقیکردنەوەیە لە پێناو ئەنجامدانی باشترین کردەوە، قورئانی پیرۆز دەربارەی فەلسەفەی تاقیکردنەوەی مرۆڤ لەم دنیایەدا دەفەرموێت:﴿تَبَـٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ... ﴿٢﴾ ﴾(الملك١و٢). واتە: پاکی بۆ ئەو خودایەی موڵكو دەسەڵاتی بە دەستەو بەسەر

هەمووو شتێکدا بە توانایە، ئەم خودایە کە مردن‌و ژیانی بەدیهێناوە بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوەو دەربکەوێت کە کێتان باشترین کردەوە ئەنجام دەدەن.

هەوڵدان بۆ باشترین خۆپێشخستنی بەردەوامو ورەو تێکۆشان دەخوازێت‌و ژیانی باوەڕدار پڕ دەکات لە جوڵە و ئەرێنی بوون.

٣ – باوەڕ چاوگی ئومێدو گەشبینی، چونکە ئیمان بریتی یە لە باوەڕهێنان بە خودایەکی میهرەبان، خوایەك سۆزو میهرەبانیەکی بێ سنوری هەیە ، کە لە کاتی پێویست بە هانای مرۆڤەوە دێت‌و دەرگای سۆز و خۆشی و بەخشینی لێ دەکاتەوە، خوای گەورەش دەفەرموێت:﴿ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ﴾ الحجر/ ٥٦.

**واتە:** کێ هەیە لە بەزەیی پەروەردگاری نائومێد بێت، ئومێدیش خەسڵەتێکی کەسی ئەرێنی‌و پاڵنەری کارو سەرکەوتنە جگە لە گومڕایان.

٤ – خودای گەورە داوا لە باوەڕداران دەکات کار بکەن‌و دڵنیاش بن خوداو پێغەمبەر و باوەڕداران کارەکانیان دەبینن:﴿وَقُلِ ٱعْمَلُوا۟ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۖ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَـٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾ التوبە /١٠٥.واتە : ئەی (محمد) پێیان بڵێ ئیش بکەن پاشان خودا و پێغەمبەرەکەی‌و باوەڕداران کارەکانتان دەبینن، جا دەگەڕێنەوە بۆ جیهانی نادیارو ڕۆژی شایەتی دان لەو پێش هەواڵی هەموو کردەوەکانتان پێ دەدرێت کە لە دنیادا کردوتانن، وەڵام دانەوە بەم پەیامە خودایییەش مانای بڕیاردانی ئەرێنی بوونە.

٥ – خودای گەورە لە چەندین ئایەت لە قورئاندا و پێغەمبەریش (د.خ) لە چەندین فەرمودەدا وێنای باوەڕداریان لەگەڵ کۆمەڵێك هەڵوێست‌و چالاکیدا کێشاوە، کە هەر باوەڕدارێك دەبێت هەوڵبدات لە ژیانی خۆیدا بەرجەستەیان بکات، وەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ التوبة/٧١.

**واتە:** ژنان‌و پیاوانی باوەڕدار پشتیوان‌و یارمەتیدەر وهاوسەنگەری یەکترن، فەرمان دەکەن بە چاکەو بەرگری دەکەن لە خراپە ، پێغەمبەر (د.خ) لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت:((من رأى منكم منكرا فليغيره بيده ، فإن لم يستطع فبلسانه ، فإن لم يستطع فبقلبه ، وذلك أضعف الإيمان )) رواه احمد.

واته: هەرکەسێك لە ئێوە خراپەیەکی بینی  با هەوڵدات بە دەست بیگۆڕێت ، گەر بە دەست نەیتوانی  با هەوڵدات بە زمان بیگۆڕێت ، گەر ئەوەشی نەتوانی با لە دڵیدا ئەو کارە دزێوەی لا ناپەسەند بێت، هەڵبەتە ئەوە هەمووی بە رێککاری(ضوابط)ی خۆیو بە حیکمەت، ئەم فەرمودەش دەری دەخات کە باوەڕدار نابێت بەرامبەر کارە دزێوەکانو خراپەکاریەکان بێ هەڵویست بێت بەڵکو دەبێت بە حیکمەتو لێزانی و پشوودرێژی هەوڵی گۆڕینیان بدات.

٦- خودای گەورە داوا لە باوەڕداران دەکات کە لە خێر و چاکەکردندا کە بەرجەستەکەری ئەرێنی بوونی مرۆڤە لەگەڵ یەکدیدا لە پێشبڕکێدا بن: ﴿ وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ﴾ **البقرة** ١٤٨. **واتە**:هەموو کەس و شوێنکەوتووانی ئاینێ روگەیەکیان هەیەو رووی تێدەکەن، لە نێوان خۆتاندا بکەونە پێشبڕکێ کردن لەسەر خێرو چاکەو ئەنجامدانی کردەوەی باش. قورئان پشت هەڵکردن وخۆ بەلێپرسراو نەزانینی بەرامبەر توێژە لاواز وکەم دەستەکانی کۆمەڵگا بە نیشانەیەکی نەبوونی باوەڕو بێباوەڕی دادەنێت. پێغەمبەریش (د.خ) لە فەرمودەیەکدا ناسنامەی موسوڵمانێتی تاکی باوەڕدار دەبەستێتەوە بە ئاستی بەشداری کردن لە چالاکیە گشتیەکانو بەخەمەوە بوونی کۆمەڵگاو دەفەرموێت:(( وَمَنْ لَم يَهتَمّ بـأمرِ المسلمِين فَلَيسَ منهُم)). واتە: هەر کەسێك بە تەنگ ژیانو چارەنووسی موسوڵمانانو کۆمەڵگاکەیەوە نەبێت و پەرۆشیان نەبێت ئەوە لەوان نییە، چونکە هەر وەك لە فەرمودەیەکی دیکەدا دەری بڕیوە باوەڕداران لە هاوسۆزیو بەخەمەوە بوونیان بۆ یەکدی  وەك یەك جەستە وانو هەست بە خۆشیو ناخۆشی یەکدی دەکەن، وەرگێڕانی هەموو ئەم بەهایانە  بۆ سەر ئاستی کۆمەڵگا دەتوانێت رۆحێکی بەهێزی ئەرێنی بوون بخوڵقێنێت.

٧- لە دیدی باوەڕدارەوە ژیان کۆمەڵێك دەرفەتەو پێغەمبەریش (د.خ) داوای لێ کردوە ئەو دەرفەتانە بقۆزێتەوەو لە دەستیان نەدات هەروەك پێغەمبەری پێشەوا لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت:(( إغتنم خمسا قبل خمس: شبابك قبل هرمك، وصحتك قبل سقمك، وغناك قبل فقرك، وفراغك قبل شغلك، وحياتك قبل موتك )) رواه النسائي والبيهقي. واتە: پێنج شت بە دەرفەت بزانن پێش پێنج شت: گەنجیت بە دەرفەت بزانە پێش ئەوەی پیری دابێت، ساغیت بە دەرفەت بزانە پێش ئەوەی نەخۆش بیت، دەوڵەمەندیت بە دەرفەت بزانە پێش ئەوەی هەژاری روت تێ بکات، دەست بەتاڵیت بە دەرفەت بزانە پێش ئەوەی سەرقاڵ بیت، کۆی ژیانی ئەم دنیایەشت بە دەرفەت بزانە پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکەیتو ئەم ژیانە بەجێ بهێڵیت. باوەڕ ئەو هەستە بۆ مرۆڤ دروست دەکات کە ساتەکانی ژیان بە نرخن، خودا سوێند بە کات دەخوات(والعصر) هەر لەو سورەتەشداو دوای ئەم سوێندە دەفەرموێت: ئەوەی مرۆڤ لە دۆڕاندن و زیانمەندی رزگار دەکات باوەڕو کردەوەی چاکە.

**پرسیار:**

١ – ئەو هەڵوێستو چالاکییانە چین، کە هەر باوەڕدارێك دەبێت هەوڵبدات لە ژیانی خۆیدا بەرجەستەیان بکات؟

٢ – ئەرکی باوەڕدار بەرامبەر کارو کردەوەی دزێو چییە؟

**گفتوگۆ:**

کەسانێك هەن هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگەکانیان بۆ ئیسلامو باوەڕ دەگێڕنەوە. لە ڕۆشنایی ئەو وانانەی پێشوو ئەو بەڵگانە چین کە دەیسەلمێنن کە باوەڕو تێگەیشتنی ڕاست لە ئیسلام پاڵنەرێکی گەورەی مرۆڤن بۆ ئەرێنی بوون و کارو چالاکی و داهێنان نەك بە پێچەوانەوە.



# بەشی دووەم

# ئیسلام و بەڕێوەبردنی ژیان


المفوضية العليا المستقلة للانتخابات



## وانەی چوارەم

### دادپەروەری و عەدالە تخوازی

دادپەروەری‌و رزگار بوون لە زوڵم‌و زۆر خەونی لە مێژینەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بووە، ئیسلامیش بایەخێکی زۆری پێداوە.

دادپەروەی بنەڕەترین‌و باڵاترین بەهای ئیسلامە هەر بۆیەش لە قورئان‌و فەرمودەدا بە جۆرەها شێوە جەختی لێ کراوەتەوەو بانگەشە لە باوەڕداران دەکرێت، بۆ دەست گرتن بەم بەها مەزنەو پیادەکردنی لە ژیانی تاکەکەسی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابوری‌و نێونەتەوەیدا.

**واتای دادپەروەری:**

دادپەروەری بە گوێرەی گۆشە نیگا فیکریەکان‌و ڕێبازە فەلسەفی‌و فەرهەنگەکان پێناسە جیاوازی بۆ کراوە، یەکێك لە پێناسە باوەکان بریتییە لە :((إعطاء كل ذي حق حقه)) واتە: هەموو خاوەن مافێ مافی خۆی پێ بدرێت، لە بەر ڕۆشنایی هەموو ئەو پێناسانەو بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: **دادپەروەری ئەو دۆخەیە کە مرۆڤەکان هەست ناکەن ستەمیان لێ دەکرێت‌و لە مافەکانیان بێبەش دەکرێن.**

**بایەخی دادپەروەری لە ئیسلامدا:**

ئیسلام بایەخێکی یەکجار زۆری بە دادپەروەری داوە، بە جۆرێك کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە مەبەست لە رەوانەکردن‌و ناردنی سەرجەم پێغەمبەران‌و کتێبە ئاسمانیەکان بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی لەلایەن خوداوە بۆ مرۆڤ‌و سەر زەوی، بۆ چەسپاندنی پایەکانی دادپەروەری‌و خوڵقاندنی دۆخێك بووە، کە مرۆڤەکان بتوانن لە نێو خۆیاندا دادپەروەری بەرپا بکەن‌و زوڵم‌و زۆر نەمێنێت، هەر وەك خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ ... ﴾ الحدید/ ٢٥.

واتە: بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان بە بەڵگەو نیشانەی ڕونەوە رەوان کردون‌و پەڕتوك‌و تەرازوومان لە گەڵیان ناردە خوارەوە (لەبەرچی؟) بۆ ئەوەی خەڵکی خۆیان لە نێو خۆیاندا دادپەروەری بەرپا بکەن. پێغەمبەریش (دخ) دەفەرموێت :((عدل ساعة خير من عبادة ستين سنة )).

واتە: دادپەروەری ساتێك لە شەست ساڵ خوداپەرستی باشترە.

## دادپەروەری فەرمانی خودایە بۆ بەندەكان:

دەبێت هەموو باوەڕدارێك بزانێت دەست گرتن بە دادپەروەری و هەوڵدان بۆ پیادەكردنیو بانگەشە بۆ كردنی كارێكی ئارەزومەندانە نیە، بەڵكو سەبارەت بە ئەو ئەركێكی خوداییە، چونكە خودای گەورە فەرمان بە دادپەروری دەكاتو دەبێت باوەڕداریش فەرمانی پێ بكات، هەر وەك دەفەرموێت:﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَـٰنِ ...﴾ (النحل ٩٠).

واتە: بەراستی خودای گەورە فەرمان بە دادپەروەریو چاكە دەكات.

هەر بۆیە نابێت هیچ شتێكو لە هیچ بارودۆخێكدا وا لە مرۆڤ بكات ئەم ئەركەی سەرشانی، واتە رەفتار كردن بە گوێرەی بەهای دادپەروەری فەرامۆش بكات، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰ﴾ المائده/٨. واتە: رقتان بەرامبەر دەستەو كەسانێك واتان لێ نەكات دادپەروەر نەبنو بە دادپەروەریو ویژدانەوە رەفتار و مامەڵەیان لەگەڵ بكەن.

## هەمە لایەنە بوونی دادپەروەری لە ئیسلامدا:

دادپەروەری لە ئیسلامدا تەنها تایبەت بە بوارێكی دیاریكراوی ژیان نیە، بەڵكو هەموو كایەو بوارەكانی ژیانی گشتیو ساتەكانی ژیانی تاكە كەسی دەگرێتەوە، مرۆڤ دەبێت لە ناو خێزانو كەسو كارو هاورێیانو دەوروبەریدا دادپەروەر بێت، هەروەها دادپەروەری لە بواری سیاسیو دادوەریو ئابوریو كۆمەڵایەتیدا داواكراوەو پێویستە رەنگ بداتەوە، دامو دەزگاكانی لەسەر بناغەی ئەوو بە گوێرەی پێوەرەكانی دابمەزرێننو ژیانی گشتی ئاراستە بكەن، بۆ ئەوەی كۆمەڵگەیەك بێتە ئاراوە، تیایدا هەموو كەس رێز لە مافو ئازادیەكان بگرێتو كەس لە ستەمو ناهەقیو دەست درێژی نەترسێت، ئەگەر شتێكی لەو جۆرەش رویدا لە رێی بوونی دەسەڵاتێكی دادوەری بێلایەنو پاكو ئازادەوە ماق ماف خوراو بسێنرێتەوەو سنور بۆ خراپەو تاوان دابنرێت، لە خواریشەوە بە كورتی باسی بوارەكانی دەكەین:

### یەكەم – لە بواری سیاسی دا:

دادپەروەری سیاسی یەكێك لە گرنگترین جۆرەكانی دادپەروەرییەو ئیسلامیش فەرمانی پێ كردووە، چونكە فەرمانی:﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَـٰنِ...﴾هەموو بوارەكان دەگرێتەوە لە روانگەی ئیسلامەوە فەرمانڕەواكان بە گوێرەی رێكەوتن (عقد)ێكو لە رێی هەڵبژاردنەوە دەسەلات وەردەگرن، ناوەرۆكی بنەڕەتی ئەو رێكەوتنەش ـ كە سەرجەم كۆمەڵگە بۆ چۆنیەتی

حوکم کردنی فەرمانڕەواکان بەرجەستە دەکات ـ پیادەکردنی دادپەروەری ڕێزگرتنە لەو ماف‌و ئازادی، کەواتە ئامانجی دەسەڵات لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بە پلەی یەکەم چەسپاندنی دادپەروەرییە ئینجا ئاسایش‌و ئەرکەکانی دیکە.

هەر ئەم تێگەیشتنەش وای لە زانایەکی وەك (إبن تيمية) کردووە کە بڵێت:((خودا یارمەتی فەرمانڕوایەتیەکی دادپەروەر دەدات با خودا نەناسیش بێت، بەڵام یارمەتی فەرمانڕەوایەکی ستەمکار نادات با موسوڵمانیش بێت)). ئەوی لێرەشدا گرنگە بیزانین ئەوەیە کە دەبێت سیستەمەکە سەرابەری لەسەر بناغەی دادپەروەری دابڕێژرێت‌و سیستمی دادپەروەرمان هەبێت نەك تەنها فەرمانڕەوای دادپەروەر.

دووەم – لە بواری ئابوریدا:

لە بواری ئابوریشدا ئیسلام بە گشتی هەمووو ماڵ خواردنێکی بە ناهەق قەدەغەو حەرام کردووە، هەروەك دەفەرموێت:﴿وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ﴾ البقرە /١٨٨.

واتە: ماڵتان لە ناو یەکدیدا بە ناهەق مەخۆن. هەموو ئەو کارو ڕەفتارو شێوازانەشی قەدەغە کردووەو کە ناعەدالەتیان لێدەکەوێتەوە، هەڵبەت گرنگە لێرەدا ماڵی یەکدی خواردن تەنها لەسەر ئاستی پەیوەندی تاکەکان سەیر نەکەین، بەڵکو بیبەینە ئاستی کۆمەڵگەو دەوڵەتیشەوە، چونکە ئەگەر کۆمەڵگەو دەوڵەت لانی کەمی مافێکی ئابرومەندانە بۆ هەموو کەس‌و خێزانێك دابین نەکات، ئەوا ناعەدالەتی دەکەن بەناهەق بەشی ئەویان خواردووە، چونکە هەروەك پێغەمبەر(دخ) دەفەرموێت :((خودا ئەوەندەی بەسەر دەوڵەمەندەکاندا کردووە بە ئەرك کە هیچ کەس هەژار نەمێنێت)).پێشەوا (عەلی کوڕی ئەبو تالب) یش دەفەرموێت :((لە پاڵ هەموو ماڵێکی بە ناهەق کۆکراوەدا کۆمەڵێك مافی خوراو هەن)) .لە پۆلی یازدەشدا باسی ئەوەمان کرد کە ئەرکی کۆمەڵگاو دەوڵەتە لانی کەمی ژیان بۆ هەموو کەس‌و هاوڵاتیەك دابین بکەن.

سێیەم – دادپەروەری دادوەر:

ئەرکی بنەڕەتی دادگاو دادوەر چەسپاندنی دادپەروەرییە لە ڕێی پیادەکردنێکی بێ خەوشی یاساو ڕەچاوکردنی هەموو ئەو ڕێ‌و شوێنانەی پەیوەندییان بەم پرسەوە هەیە، بۆ ئەوەی دادپەروەری دادوەری‌و یاسایی بێتە دی، دەبێت هاوڵاتیان لە بەردەم یاسادا یەکسان بن‌و دادگاش سەربەخۆو بێلایەن بێت‌و دور بێت لە هەموو دەستێوەردانێکی دەرەکی‌و یاسایەکی دادپەروەریش بالادەست بێت.

خودا داوا له موسوڵمانان دەكات كه له مەسەلەی شایەتی داندا هەستیار و ئاگایان له خۆیان بێتو هیچ شتێكی وایان لێ نەكات شایەتی ناهەق بدەن، چونكه شایەتی ناهەق له ئیسلامدا به یەكێك له گوناهه گەورەكان له قەڵەم دراوه، هەروەك دەفەرموێت:﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلۡقِسۡطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ أَوِ ٱلۡوَٰلِدَيۡنِ وَٱلۡأَقۡرَبِينَۚ إِن يَكُنۡ غَنِيًّا أَوۡ فَقِيرٗا فَٱللَّهُ أَوۡلَىٰ بِهِمَاۖ فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلۡهَوَىٰٓ أَن تَعۡدِلُواْۚ وَإِن تَلۡوُۥٓاْ أَوۡ تُعۡرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ١٣٥﴾ النساء / ١٣٥.واته: ئەی باوەڕداران لەوانه بن كه دادپەروەری بەرپا دەكەنو ئیشی پێ دەكەنو بۆ خودا شایەتی دەدەن، با شایەتیدانەكه لەسەر خۆیان یاخود دایكو باوكو خزمو نزیكەكانتان بێت، ئەگەر كەسێك لەوانه هەژاریش بێت یاخود دەوڵەمەند، ئەوا رەزامەندی خودا لەوان لەپێشتره، نەكەن به هۆی هەوا و هەوەسەوه له دادپەروەری لابدەن، جا ئەگەر شایەتییەكی ناهەق بدەن یاخود خۆتانی لێ بدزنەوه، ئەوا چاك بزانن كه خودا ئاگاداره به كارو كردەوەكانتان. ئیسلام لەم رووەوه چەندین دەستەبەری(**ضمانات**)ی بۆ هێنانه دی دادپەروەری داناوه كه له ساڵی رابردوودا قوتابیان وەریان گرتووه لەوانەش:

١-كەسێك لافی مافێ بەسەر یەكێكی دیكەوه لێبدات دەبێت شایەتو بەڵگه بێنێتو بیسەلمێنێت.

٢-كەس به هۆی تاوانی كەسی دیكەوه سزا نادرێت.

٣-زۆر لێكردن له وەرگرتنی دانپیانانداا قەدەغەیه.

٤-بێ لایەنیو سەربەخۆیی دادگا.

٥-یەكسانی لەبەر دەم یاسادا.

**پرسیار:**

– بۆچی داد پەروەری لە ئیسلامدا تەنها تایبەت بە بوارێکی دیاریکراوی ژیان نیە؟

**گفتوگۆ:**

– داد پەروەی بنەڕەتترین و باڵاترین بەهای ئیسلامە.

لە باسێکی کورت ئەم دەستەواژەیە شی بکەوە.

– خودا یارمەتی فەرمانڕوایەتیەکی داد پەروەر دەدات با خودا نەناسیش بێت.

لە باسێکی کورت ئەم دەستەواژەیە شی بکەوە.



## وانەی پێنجەم

### ڕاوێژ:

ڕاوێژ لە گرنگترین بەها ئیسلامیەکانەو پەیوەستە بە مافی جیاواز بوون‌و بەشداری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، لە ئیسلامدا مافێکە قورئان‌و سوننەت بڕیاریان لێداوەو ژیاننامەی پێغەمبەرو کردەوەو کاری هاوەڵانیش شایەتی بۆ دەدەن، ڕاوێژ لە ئیسلامدا بۆ فەرمانڕەواکان ئەرك‌و بۆ هاوڵاتیانیش مافە، بەڵام مافێکە قابیلی دەست بەرداربوون نیە، چونکە تەنها ماف نیە بەڵکو مافێکە تێکەڵ بە پابەندێتی موسوڵمانانە.

ڕاوێژ بەهایەکە لە قورئان‌و سوننەتی پێغەمبەرەوە (دخ) سەرچاوەی گرتووە. خودای گەورە لە قورئاندا لە وەسف کردنی خەسڵەتێکی بنەڕەتی کۆمەڵی باوەڕداراندا دەفەرموێت:﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ﴾ الشورى٣٨.

واتە: کاروبارەکانی نێوانیان بە ڕاوێژ دەبەن بەڕێوە، وشەی (أمر) یش یەکێکە لەو وشانە لە قورئاندا ئاماژەیە بۆ مەسەلە سیاسی‌و گشتییەکانی کۆمەڵگە، لەم ئایەتەشەوە ئەم مەبەستانەی خوارەوە تێدەگەین:

١- ڕاوێژ مافێکی گەلە و گەلیش مافی ئەوەی هەیە بە شێوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمدا لەم مافە بەهرەمەند بێت‌و پیادەی بکات.

٢- باوەڕبوونمان بە ڕاوێژ ڕەتکردنەوەی تاکڕەوی‌و ستەمکاری لە باوەڕبونمان بە خوداو قورئانەوە هەڵقوڵاوە، هەر بۆیە باس کردنیشی لە ئایەتەکەدا بەرز کراوەتەوە بۆ ئاستی دورکەوتنەوە لە خراپەکان‌و بەجێ گەیاندنی ئەرکە ئاینییە بنەڕەتیەکان وەك وەڵامدانەوە بە پەیامی خوداو نوێژکردن‌و بەخشین.

هەروەها خودای گەورە لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت:

﴿فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي ٱلْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ﴾ آل عمران ١٥٩.

واتە: چاوپۆشیان لێ بکەو داوای لێخۆشبونیان لە خودا بۆ بکەو لە کاروبارەکاندا ڕاوێژیان پێ بکە، جا دوای ئەوە (عەزمت) جەزم بکەو پشت بە خودا ببەستە، چونکە بەڕاست خودا ئەوانەی خۆش دەوێت پشتی پێ دەبەستن.

هەڵبەت بۆ ئەوەی بە جوانی لە مەبەستی ئەم ئایەتە تێبگەین دەبێت ئەوە بزانین کە لە دوای جەنگی (ئوحود)و ئەو شکەستە سەربازییەی بەسەر موسوڵمانەکاندا لە جەنگەکەدا هات هاتۆتە خوارەوە، لە بەرەنجامی ئەم روداوەو هاتنە خوارەوەی ئایەتەکەش بەو جۆرە ئەم شتانەی خوارەوە تێدەگەین:

١- پێغەمبەر (دخ) پابەند بوو بە بەرەنجامی راوێژکردنەکەی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا، گەرچی پێچەوانەی بۆچوونی خۆشی بوو.

٢- هۆکاری بنەڕەتی شکستە سەربازیەکە بە هۆی لە فەرمان دەرچوونی هەندێك لە هاوەڵەکانو چۆڵ کردنی شوێنو سەنگەرەکانیان بوو.

٣- سەرەڕای دووخاڵی پێشو واتە سەرەڕای ئەوەی دووچاری شکستی کردن، نە خودای گەورەو نە پێغەمبەریش (دخ) سەرزەنشتی هاوەڵان ناکەن لەسەر ئەوەی بەهۆی رای ئەوانەوە دووچاری ئەوە بوون، بەڵکو لەبەر بایەخی گەورەی (راوێژ) وەك بەهاو بنەمایەکی دەسەڵاتداری لە ئیسلامدا خودای گەورە سەر لەنوێ فەرمان بە پێغەمبەر دەکاتەوە کە نابێت ئەو هەڵەو بەرەنجامە وابکات واز لە بەهای راوێژ بێنێت، بۆیە دوای ئەوەش دەبێت لە کارو بارەکاندا هەر راوێژیان لەگەڵ بکەی، چونکە با خوێنی دەیان هاوەڵی پێغەمبەر (دخ) بڕژێت بەلام پایەیەکی ژیانی سیاسیو کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی موسوڵمان دابڕێژرێت کە ئەویش (راوێژ)و دورکەوتنەوەیە لە تاکڕەویو خۆسەپاندن.

٤- خودای گەورە بە شێوەی فەرمان پێکردن بە پێغەمبەر(دخ) دەفەرموێت دەبێت لە کاروبارەکاندا راوێژیان پێ بکەیت، ئەمەش(راوێژ) دەکاتە ئەرك بۆ پێغەمبەر و پایەکانی ژیان.

هیچ کەسێك بە ئەندازەی پێغەمبەر (دخ) راوێژی بە هاوەڵانی نەکردووە، لە کاتێکدا ئەو پێغەمبەر بووەو لەلایەن خوداوە سروشی بۆ هاتووە، بە زۆری کاروبارەکانی بە راوێژ لەگەڵ هاوەڵەکانی بەڕێکردووە،

**گفتوگۆ:**

**گەل و کۆمەڵگە موسوڵمانەکان دەتوانن بە گوێرەی گۆڕانەکان و پێویستی سەردەمەکەی خۆیان شێوازو میکانیزمی گونجاو بۆ پیادە کردنی بەکار هێنانی راوێژکردن دابنێن.**

**ئەمە شیبکەوە.**

## وانەی شەشەم

### یەکســــانی

یەکسانی هەر وەك لە سالەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا یەکێك لە بەها ئیسلامییە بالاکانە ، لەم سۆنگەشەوە ئیسلام هەموو جیاکارییەکی نەتەوەیی و نەژادیو چینایەتی رەتدەکاتەوەو، مامەڵەیەکی یەکسانی لەگەل جیاوازییە سروشتیەکان دەکات بۆ ئەوەی سەریان لە جیاکاری و ستەمەوە دەرنەچێت، دیارە ئەوە روونە کە لەم ژیانەدا یەکسانی رەها نیەو رێژەییە.

- **واتای یەکسانی**:

زۆر بە کورتی یەکسانی واتە یەکسان بوونی خەڵك لە بەر دەم یاسا و جیاکاری نەکردن لە نێوانیاندا بە هۆی ئاین و نەتەوەو زمانو نەژادو چینو رەگەزو هەر شتێکی دیکە کە نابەرامبەریو ناعەدالەتی لێ بکەوێتەوە.

- **سەرچاوەی یەکسانی لە ئیسلامدا**:

سەرچاوەی بنەڕەتی یەکسانی لە ئیسلامدا خودای گەورە خۆیو بنەڕەتی بەدیهێنانی جۆری مرۆڤە لەم سەرزەویەدا خودای گەورە لەم روەوە دەفەرموێت:﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ ﴾ (الاعراف ١٨٩) واتە: خودای گەورە کە ئێوەی لە یەك بنەڕەت (نفس) بەدیهێناوە، لێرەشەوە تێدەگەین کە:

١– خودای گەورە تاکە بەدیهێنەری سەرجەم مرۆڤەکانە.

٢– بنچینەی هەموو مرۆڤەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئادەمو ئادەمیش وەك قورئان دەفەرموێت لە خاك و خۆڵ بەدیهاتووە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سەرجەم مرۆڤەکان خاوەنی هەمان مرۆڤایەتینو کەس لەوی دیکە گەورەترو بەڕێزترو رەسەنتر نیە.

پێغەمبەریش لە چەندین فەرمودەدا جەخت لەسەر ئەم راستیە قورئانیە دەکاتەوەو دەفەرموێت:((الناس سواسية كأسنان المشط وإنما يتفاضلون بالعافية، والمرء كثير بأخيه، ولا خير في صحبة من لا يرى لك من الحق مثل ما ترى له )).

هەروەها دەفەرموێت:((يا أيها الناس ، إن ربكم واحد ، وإن أباكم واحد ، ألا لا فضل لعربي على عجمي ، ولا لعجمي على عربي ، ولا لأحمر على أسود ، ولا أسود على أحمر ، إلا بالتقوى)). رواه البيهقي .

خەڵکی وەك دانی شانەیەك لەگەل یەکدیدا یەکسانن، عەرەب رێزی بەسەر غەیری ناعەرەبدا نیە، بە خۆپارێزی و چاکە خوازی نەبێت. کە ئەوەش بۆ هەموو کەسو نەتەوەیەك کراوەیەو پاداشتو

پلەکەشی لە دواڕۆژ لای خودا دەردەکەوێت، وشەی خەڵك (**الناس**) یش لێرەدا ماناى خۆی هەیە، چونکە وشەیەکی گشتییەو کەسی لێ هەڵنەوێردراوە.

١-ئەرکە ئیسلامییەکان‌و ئەرکی سەرجەم باوەڕدارانە بێ جیاوازی، کەس بەهۆی پلەو پایەی ئاینی یاخود کۆمەڵایەتی لەو ئەرکانە نەبوێردراوە، جیاکردنەوە تەنها لە هەندێك حاڵەتدا بە قازانجی توێژە کەم دەستەکان‌و حاڵەتە نائاساییەکانی مرۆڤ، وەك ڕۆژو نەگرتن بەهۆی نەخۆشی، حەج لەسەر هەڵگرتن بە هۆی نەبوونی پارە و ... هتد.

٢- خەڵکی بە گشتی لەبەردەم یەك دادگاو یەك یاسادا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت‌و بەرامبەر شەریعەت‌و ئەو یاسایەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت یەکسانن هەژارو دەوڵەمەندو فەرمانڕەواو هاوڵاتیەکی ئاسایی لەمەدا جیاوازیان لە نێواندا نیە .

٣- ئەنجامدانی دروشمە ئیسلامی یەکان وەك نوێژی بەکۆمەڵی هەینی ، مەراسیمی حەج ... هتد، سەرجەمیان دەرخەری یەکسانی شوێنکەوتووانی ئەو ئاینەن ، چونکە موسوڵمانان بە جیاوازی نەژادو رەگەزو نەتەوە و ئاستی کۆمەڵایەتی‌و لە یەك دۆخدا و بە پاڵ یەکەوە دەوەستن‌و دەڕۆن و وەك یەك و بە هەمان شێوە دروشمەکان ئەنجام دەدەن .

٤- ئیسلام هەموو ئەو مامەڵەو پەیوەندی‌و رەفتارانەی قەدەغە کردووە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان نایەکسانی‌و ستەمیان لێدەکەوێتەوە لە وێنەی بەرتیل‌و سیخوڕی‌و قۆرخ کردن (احتکار)و بە سووەر گرتن‌و دەست درێژی بۆ سەر ماڵ‌و موڵك‌و ناموسی یەکدی ... هتد.

٥- هیچ یەکە لە نەتەوەو نەژادو بنەماڵە و خێڵ‌و رەگەزی نەکردووە بە پێوەری رێزدانی مرۆڤێك بەسەر مرۆڤێکی دیکەدا بەڵکە ئینسانی بوونی هەر ئینسانێك‌و چاکەخوازی ئەوی لەبەرچاو گرتووە.

٦- ئیسلام سەبارەت بە شوێن کەوتووانی ئاینەکانی تریش جگە لەوەی تایبەتە بە بیرو باوەڕو پەرستن‌و کاروباری ئاینی تایبەت بە خۆیانەوە و تیایدا ئازادن ، بە هەمان گیانی یەکسانی مامەڵە دەکات و زانایانیش رێسایەکی زێڕینیان بۆ ئەمە داڕشتزووە کە دەڵێت:((لهم ما لنا وعليهم ما علينا)) واتە: لە ماف‌و ئەرکدا لەگەڵ یەکتر یەکسانین ، کە بە زمانی ئەمڕۆ هەموومان هاوڵاتین‌و ئەندامی کۆمەڵگاین‌و هەمان مافی سیاسی‌و مەدەنیمان هەیە.

## یەكسانی‌و مەسەلەی جیاوازی نێوان ئافرەت‌و پیاو:

هەندێك لەوانەی نەیاری ئیسلامن یاخود تێگەیشتنی روون‌و هەمەلایەنەیان دەربارەی بنەماكان‌و بەهاكان‌و رۆحی ئەم ئاینە نیە، پێیان وایە كە بنەماو بەهای یەكسانی لە ئیسلامدا ئافرەتان ناگرێتەوەو ئەوان لە سایەی تێڕوانینی ئیسلامدا جیاكاریان دژ دەكرێت، بەلاّم لە راستیدا مەسەلەكە بەم جۆرە نیە چونكە:

١- لە ئیسلامدا ژن‌و پیاو لە ئینسانیەت‌و بەدیهاتندا یەكسانن‌و هەردوكیان خاوەنی یەك كەرامەتی مرۆڤایەتین‌و یەك بەدیهێنەریان هەیە:﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ ...﴾ الأعراف ١٨٩.

٢- هەردوكیان لە باوەڕهێنان‌و كاری چاكە یاخود خراپەو پاداشت یاخود سزا وەرگرتن لە رۆژی دواییدا یەكسانن و جیاوازی لە نێوانیاندا نیەو وەك پیاوان بابەتی پەیامی خودای گەورەو ئەرك‌و لێپرسراوێتیان لەسەر شانە.

٣- هەردوكیان لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان‌و پێكهێنانی خێزاندا یەكسانن‌و نابێت هیچیان زۆریان لێ بكرێت.

٤- لەناو خێزاندا هەر رێزدانێكی كوڕ بەسەر كچ دا قەدەغەیەو كاتێك باوك‌و دایكانیش دیاری بۆ منداڵەكانیان دەكڕن، ئەگەر بەشی كچەكان زۆرتر نەبێت دەبێت یەكسان بن، هەروەك پێغەمبەر فەرمویەتی:(( ساووا بين أولادكم في العطية، ولو كنت مؤثرا أحداً لآثرت النساء على الرجال)).

واتە: بە یەكسانی دیاری بۆ منداڵەكانتان بكڕن‌و جیاوازیان لە نێواندا مەكەن، ئەگەر یەكێكیانم بە باشتر بزانیبا ئەوا ئافرەتەكان دەبوون.

١-هەردوكیان لە بەهرەمەند بوونی مافی خوێندن‌و خۆپێگەیاندن یەكسانن.

٢-هەردوكیان وەك یەك داوایان لێكراوە دژایەتی رواڵەتە خراپەكانی ژیانی كۆمەلاّیەتی‌و پەرەدان بە فەرهەنگی چاكەو پاشەكشەكردن بە كلتوری خراپەو خراپەكاری لە مەیدانی خەباتی كۆمەلاّیەتی‌و بواری گشتی دا ئامادەبن.

٣-هەردوكیان لە بوونی شایستەی یاساییدا یەكسانن، واتە ژنیش وەك پیاو خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆی خۆیەتی بۆ ئەوەی مامەڵە بە موڵك‌و ماڵی خۆیەوە بكات‌و مامەڵە جۆراجۆرە یاساییەكانی وەك: كڕین ، فرۆشتن ، بەخشین ، قەرزدان و ...هتد، ئەنجام بدات‌و بۆ هیچ یەك لە باوك‌و دایك‌و هاوسەرو دەوروبەریش نیە رێگەی لێ بگرن یاخود كۆتی بخەنە سەر.

٤-وەك بنەما بە شێوەیەكی گشتیش لە ماف‌و ئەركدا یەكسانن هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ البقرة / ٢٢٨ .

واتە: بە گوێرەی عورف و رۆژگار ژنان بەرامبەر هەر ئەرکێ کە روویان تێدەکات مافێکیان هەیە، بەڵام :﴿ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ﴾ البقرة / ٢٢٨ . پیاوان پلەیەکیان بەسەر ئەوانەوە هەیە، کە پلەکەش زیاتر ئەرکە نەوەك ماف بێت، مەبەست لە پلە لێرەدا ئەرکی دانی مارەیی‌و کێشانی خەرجی خێزانی‌و جوان مامەڵە کردن‌و هاوشێوەکانیانە، بە مانایەکی دیکە پلەکە باسی ئەوەیە کە لە ژیانی هاوبەشدا سەرپەرشتی‌و لێپرسراوی یەکەمی خێزانە، کە ئەوەش ئەگەر بەجوانی‌و لە چوارچێوەی بەهاو رەوشتە ئیسلامییە بەرزەکاندا پیادە بکرێت، خراپەو نایەکسانی لێ ناکەوێتەوەو وەك وتراش زیاتر ئەرکە، بەدەر لەمەو لە دەرەوەی خێزاندا پیاو (قیوم) نیە بەسەر هاوسەرەکەیەوە.

٥- بە کردەوە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی‌و لەوانەش لە وڵاتی خۆمان، ئافرەتانی موسوڵمان لە مافە سیاسیەکانی خۆیان بەهرەمەندن‌و بەشدارن لە هەڵبژاردنەکان‌و بەڕێوەبردنی پۆست‌و پلەو پایە حکومیەکاندا.

٦- هەرچی پەیوەندی بە شایەتیدانیشەوە هەیە، وەك زانایان فەرمویانە دۆخێکی مێژویی (تحکم)ی لەسەر مەسەلەکەدا کردووەو ئەوەی لە ئایەتەکەی سورەتی بەقەرەو یاسای ئیسلامیشدا گرنگە نەفەوتانی مافی لایەنەکانی مامەڵە ئابوریەکەیە.

بە گشتی بنەڕەت لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دا لە کەرامەتی ئینسانی و ئاینی و رەگەزیدا یەکسانیە، ئەو جیاوازییە سروشتیانەی لە نێوان هەردوو رەگەزیشدا هەن، بنەماکە تێك نادەن چونکە بنەمای دادپەروەری حوکمی ئەم پەیوەندییانە دەکات، لەگەڵ بوونی دادپەروەریش جیاوازییە سروشتییەکان ژیان گەرم‌و گوڕتر وزیندو دەکەن‌و رۆڵی هەردوو رەگەزەکەش لەگەڵ یەکدا دەکات بە رۆڵێکی تەواوکاری (التکامل) و ژیان بە هەردوکیانەوە ژیانە.

**پرسیار:**

**- ئایە لە سایەی تێڕوانینی ئیسلامدا هیچ جیاکارییەك دژ بە ئافرەت دەکرێت ؟**

**گفتوگۆ:**

**ئیسلام هەموو جیاکارییەکی نەتەوەیی‌و مەزهەبی‌و نەژادی‌و چینایەتی رەتدەکاتەوە. چۆن ئەم دەستەواژەیە دەسەلمێنیت؟**

## وانەی حەوتەم

# دژایەتی کردنی زوڵــم و ســـــتەم

ئەگەر ئیسلام بەو جۆرەی کە لە بابەتی پێشودا ئاماژەی پێکرا، جەخت بکاتەوە لەسەر دادپەروەری و پیادە کردنی لە ژیاندا، روونە بە هەمان شێوەو زیاتر ستەم و ستەمکاری لە هەموو بەرگ و ئاست و بوارێکدا رەتدەکاتەوە.

بەم جۆرەش یەکێك لە خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی مرۆڤی باوەڕدارو موسوڵمانیش دەبێت رەتکردنەوەی ستەم و خۆ لێدورگرتنی و دژ وەستانەوەی بێت.

**واتای ستەم :**

ستەم لەڕوی زمانەوە بە سنور شکاندن و دانانی شتێکە لە شوێنێکدا هی خۆی نەبێت، بە گشتی ستەم واتە ناهەقی و دەست درێژی بۆ سەر ماف و ئازادی و کەرامەتی کەسانی دیکەو دژی دادپەروەرییە.

**قەدەغە کردنی ستەم لە هەموو شتێکدا و بۆ هەموو کەسێك:**

لە قورئاندا چەندین ئایەت راستەوخۆ هەن کە ستەم قەدەغە دەکەن، هەموو ئەو ئایەتانەی دیکەیش کە فەرمان بە دادپەروەری دەکەن، دیسانەوە داوای کۆتایی هاتن بە ستەم و ستەمکاری دەکەن.

خودای گەورە لە فەرمودەیەکی قودسیدا روو دەکاتە بەندەکانی و دەفەرموێت:((**يا عبادي إني حرمت الظّلم على نفسي، وجعلته بينكم محرماً، فلا تظالموا** )). رواه مسلم.

واتە: ئەی بەندەکانم بەڕاستی من ستەمم لەسەر خۆم قەدەغە کردووە، هەروەها لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە لەبەر ئەوە ستەم لە یەکدی مەکەن.

لە ئیسلامدا ستەم دەرهەق بە ژن و پیاو و گەورەو بچوك و ناسیاو و نەناسیاو و باوەڕدارو بێ باوەڕو تەنانەت گیانلەبەرانی دیکەیش رەوا نەبینراوە.

خودای گەورە لە چەندین ئایەتدا رونی کردۆتەوە کە لە دواڕۆژدا بەقەدەر گەردێك ستەم لە هیچ بەندەیەکی خۆی ناکات، لەم دنیایەشدا بەم جاڕدانە هەر ستەمێك بە ناوی ئیسلام و خوداوە ئەنجام بدرێت - کە بە داخەوە ئەم جۆرە ستەمە لە مێژوو ئێستاشدا کەم نەبووە - خودای گەورەو ئیسلام لێی بێ بەریەو هیچ موسوڵمانێکیش لەبەر موسوڵمان بوونی حەسانەی ئەوەی نیە کە لەم دنیایە خەڵك لەسەر خراپەو ستەمکاریەکانی لێی بپرسێتەوەو لەو دنیاش خودای گەورە سزای بدات و لە بەزەیی خۆی بێ بەشی بکات.

**ستەم سەرچاوەی تیاچوونە:**

یەکێك لە یاساکانی خودای گەورە لەم بونەدا تیاچوونی نەتەوەو شارستانیەتەکانە بەهۆی ستەم و زۆرداریییەوە، چەندین ئایەت لە قورئاندا راستی ئەم یاسایەمان بۆ دەسەلمێنن هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ مِن قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا۟ ﴾ یونس /١٣.

واتە:چەندین نەتەوەو دەستەو تاقمان لە مێژوداو لە پێش ئێوەدا بە هۆی ستەمکردنیانەوە لەناو برد. هەروەها دەفەرموێت: ﴿ هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الانعام /٤٧.

واتە: ئایە جگە لە دەستەو گروپی ستەمکاران کەسی دیکە تیادەچن، لێرەشەوە لەسەر زاری هەندێك لە زانایانی موسوڵمان گێردراوەتەوە کە گوتویانە:(( إنَ الله يُقيم الدولة العادلة وإن كانت كافرة، ولا يقيم الظالمة وإن كانت مسلمة، والدنيا تدوم مع العدل والكفر ولا تدوم مع الظلم والاسلام)).

واتە: خودای گەورە دەوڵەتی دادپەروەری بێ باوەڕ بەرپا دەکاتو دەیهێڵێتەوەو دەوڵەتی ستەمکار بەرپا ناکاتو نایهێڵێتەوە با موسوڵمانیش بێت،و دنیا لەگەڵ دادپەروەری و خوانەناسیدا بەردەوام دەبێت بەڵام لەگەڵ ستەم و ئیسلامدا بەردەوام نابێت.

**پرسیار:**

- ئیسلام چۆن دەڕوانێتە ستەم کردن لە بە ژنو پیاوو گەورەو بچوكو ناسیاوو نەناسیاوو باوەڕدارو بێ باوەڕو تەنانەت گیانلەبەرانی دیکەیش ؟

**گفتوگۆ:**

خودای گەورە دەوڵەتی دادپەروەری بێ باوەڕ بەرپا دەکاتو دەیهێڵێتەوەو دەوڵەتی ستەمکار بەرپا ناکاتو نایهێڵێتەوە با موسوڵمانیش بێت.

## وانەی هەشتەم

### ئاشـــتی

ئاشتی بەهایەکی گەورەی ئیسلامییە و باوەڕدارانیش بە حوکمی شوێنکەوتنیان بۆ ئەم ئاینە خودایيە، دەبێت لەسەری گۆشبکرێن‌و ببێت بە بەشێك لە بیرکردنەوەو ڕەفتاریان.

**بایەخی ئاشتی لە ئیسلامدا:**

ئیســلام بایــەخی گــەورە بــە ئاشــتی لەســەر ئاســتە جۆراوجۆرەکــانی دەدات‌و بــە توندی بەستویەتیەوە بە باوەڕی مرۆڤی موسوڵمانەوە، خودی ناوی ئیسلامیش لـە ڕویەکـەوە ئاماژەی ئاشتیخوازی تێدایە، ئاشتی (سلام) دروشمـی موسـوڵمانانە، ئیسلام داوا دەکات لەگەڵ دەرونی خۆمان‌و خێزان‌و دەوروبەرو بونەوەرو گەل‌و نەتەوەو ئاینە جۆراوجۆرەکاندا لە ئاشتیدا بژین، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە جەنگ‌و ململانێ حاڵەتێکی نا ئاسایی‌و ناچاری‌و کاتییە و بنـەڕەت‌و دۆخی ئاسایی ئاشتییە، جەنگیش کە تاکو ئێستا بەشێکە لە واقیعی ژیـانی مرۆڤایـەتی‌و کۆمـەڵگاکانی دەبێـت دوژمنکارانــە نــەبێت‌و بــۆ بــەرگری لــەخۆ کــردن‌و گێڕانــەوەی ئاشــتی‌و دادپەروەریــەکی لەدەســت چــوو بێــت. خــودای گــەورە داوامــان لێــدەکات هــەموومان بــاوەش بــە ئاشــتیدا بکــەین‌و دەفـــــەرموێت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٢٠٨﴾﴾البقــرة/٢٠٨.واتــە: ئــەی ئەوانــەی باوەڕتــان هێنــاوە هــەمووتان خۆتــان بخەنــە ژێــر ســایەی ئاشــتی‌و ئاســودەییەوەو (شــەڕخواز مــەبن)و شــوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە ئەو بە ڕاستی دوژمنی ئاشکرایە(هەمیشە دەیەوێت شەڕو جەنگ لە نێوان خەڵکیدا بەرپا بکات) لەم ئایەتەدا ئەم شتانەی خوارەوە تێدەگەین:

١- بانگەوازی خودا بۆ سەرجەم باوەڕداران کە ڕیزێکی ئاشتیخواز پێك بهێنن‌و خۆیان لە شەڕخوازان جیا بکەنەوە.

٢- شەڕخوازی‌و خراپەکاری سەرچاوەکەی شەیتان‌و ئەویش دوژمنی باوەڕدارانەو نابێت گوێی لێ بگیرێت‌و شوێن هەنگاوەکانی بکەوین.

٣- شەیتان وەك دوژمنێکی هەمیشەیی بۆ باوەڕداران تەرح دەکات‌و بە دوژمنێکی ئاشکراو ڕاستەقینەو بێ پەردەی دادەنێت، کە شایستەی ئەوەیە دوژمنایەتی بکرێت‌و هەستە ئەرێنیەکانی خۆمانی ئاراستە بکەین.پێغەمبەر (دخ) دەفەرموێت:(( **لن تدخلوا الجنة حتى تؤمنوا، ولن تؤمنوا حتى تحابوا، أولا أدلكم على شيء إذا فعلتموه تحاببتم ؟ أفشوا السلام بينكم** )) رواه مسلم. واتە: ناچنە بەهەشتەوە تا باوەڕ نەهێنن، بە باوەڕداریش دانانرێن تا یەکدیتان خۆش نەوێت، ئایە شتێکتان نیشان بدەم، ئەگەر بیکەن یەکدیتان خۆش بوویت، سڵاوو ئاشتی لە نێو خەڵکیدا بڵاو

بكەنەوە.هەروەها لە فەرمودەیەكی دیكەدا دەفەرموێت:(( المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده ))رواه البخاري.واتە: موسوڵمان كەسێكە كە خەڵكی لە دەم و دەستی پارێزراو بن.

## سەرچاوەكانی ئاشتیخوازی لە ئیسلامدا

ئاشتیخوازی و رەتكردنەوەی شەڕخوازی و شەڕەنگێزی لە ئیسلامدا لە چەندین سەرچاوە و بنەمای ئەم ئاینەوە سەرچاوە دەگرێت و رەگی داكوتاوە لەوانەش :

١- **بەزەیی بوونی ئیسلامو پێغەمبەرەكەی**:﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ **الأنبياء**/١٠٧. واتە: ئێمە تۆمان ناردووە بەبەزەیی بۆ هەموو جیهانیان، پێغەمبەریش(دخ)هەر لەم روەوە دەفەرموێت:(( إني لم أبعث لعانا، وإنما بعثت رحمة ))رواه مسلم.

واتە: خودای گەورە منی رەوانە نەكردووە، بۆ نەفرەت كردن، بەڵكو بۆ بەزەیی هاتنەوە.

ئاشتیش پرشنگێكی ئەم سۆزە بەزەییو میهرەبانییە كە باوەڕ لە دڵو دەرونی باوەڕداردا دەخوڵقێنێت.

٢- **برایەتی باوەڕداران** : لە روانگەی ئیسلامەوە باوەڕداران برای یەكدینو دەبێت بەو گیانەشەوە مامەڵە لەگەڵ یەكدیدا بكەن، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ ﴾ الحجرات/١٠. واتە:بەراستی باوەڕداران برای یەكدین، براش لەگەڵ برادا دەبێت بە ئاشتیو میهرەبانی بژین.

٣- **ئاشنا كردنی گەل و نەتەوەكان لەنێوان یەكتردا**: لە ئیسلامدا سەرجەم مرۆڤایەتی یەك سەرچاوەی هەیە، لە یەك بنەڕەتەوە خوڵقاونو جیاوازی گەلو نەتەوەو فەرهەنگەكانیش بۆ ئەوەیە یەكدی بناسنو بەسەر یەكدا بكرێنەوەو رێز لە تایبەتمەندیو مافی یەكدی بگرن، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ﴾**الأعراف**/١٨٩.

واتە:خودای گەورە ئەو خودایەیە كە ئێوەی لە یەك بنەڕەت (نفس)ەوە بەدیهێناوە، هەروەها دەفەرموێت:﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ﴾ **الحجرات**/١٣.

واتە: ئەی خەڵكینە ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك دروست بەدیهێناوەو گێڕاومانن بە گەلو هۆزی جۆراجۆر، بۆ ئەوەی یەكدی بناسنو بە گیانێكی برایانە مامەڵە لەگەڵ یەكدیدا بكەن.

٤- خودای گەورە فەرمان بە باوەڕداران دەدات لەو شتانەی خێرو چاکەی تێدایە هاوکاری یەکدی بکەن، بەڵام لە هەموو ئەو شتانەی تاوانو دەست درێژی پێوە دیارە هاوکاری یەکدی نەکەن، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ ﴾ المائدة/٢.

٥- خودای گەورە فەرمانمان پێ دەکات بەچاکەو دادپەروەری لەگەڵ شوێنکەوتەی ئاینەکانی تر بجوڵێینەوە.

ڕەچاوکردنی سەرەتای دادپەروەریش مەزنترینو بنەڕەتترین دەستەبەری (ضمان)ی بەرقەرار بوونی ئاشتیو ئارامییە.

٦- ئیسلام هەموو جۆرە توندو تیژیو زەبرو زەنگێك لە گەیاندنی ئیسلامو بانگەواز کردن بۆی قەدەغە کردووە، ئەرکی پێغەمبەر(دخ)و زاناو بانگخوازانی دوای ئەویش تەنهاو تەنها ڕونکردنەوەی ڕاستیەکانی پەیامەکەیەو گەیاندنیەتی بە زمانی سەردەمو بە جوانی و ڕوونی، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ١٨ ﴾ العنكبوت/١٨. واتە: تەنها شتێك لەسەر شانی پێغەمبەرە، گەیاندنی ڕونو ئاشکرایە.

**پرسیار:**

**١ - لە بەر چی خودا داوامان لێ دەکات شەیتان بە دوژمنی خۆمان بزانین؟**

**٢ - بۆچی پێغەمبەر(دخ) داوا لە موسڵمانان دەکات سڵاوو ئاشتی بڵاو بکەنەوە؟**



هێمای ئاشتی

## وانەی نۆیەم

# چاکسازی

چاکسازی (اصلاح) چەمکێکی ئیسلامی ڕەسەنەو چەندەها جار لە قورئاندا ئاماژەی پێکراو وپەیوەست کراوە بە کاری پێغەمبەرانی خوداوە، هەر لەم سۆنگەشەوە چاکسازی چەمکێکی بنەڕەتی پەروەردەی کۆمەڵایەتی ئیسلامییە، باوەڕدارانیش بە حوکمی شوێنەکەو دڵنیاییان بۆ ئیسلام دەبێت چاکسازیخواز بن، واتە خێرو چاکەیان بۆ مرۆڤەکان و کۆمەڵگەو وڵاتەکەیان و تێکڕای گەلانی موسوڵمان و مرۆڤایەتی بوێت و دژ بە خراپەو کاری دوژمنایەتی و داڕوخاوی بن.

## چەمکی چاکسازی لە قورئاندا

چاکسازی لە فەرهەنگی نوێدا بە هەموو ئەو هێز وگروپانە دەگوترێت کە بڕوایان بە گۆڕانی پلە بە پلەو ئاشتیخوازانە هەیە، لەم پێناوەدا پەنا نابەنە بەر توندو تیژی و سەر لەبەر واقیع ڕەتناکەنەوە.

لە قورئاندا چەمکی چاکسازی مانایەکی فراوانتر لە خۆ دەگرێت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئابوری و دەرونی هەیەو بە گشتیش ناونیشانە بۆ ئاراستەیەك لە ژیان و بیرکردنەوەی ئەرێنی کە خێرو خۆشی کۆمەڵگەکەی و مرۆڤەکانی دەوێت.

راغیبی ئەسفەهانی لە کتێبی (**المفردات في غريب القرآن**) دا دەربارەی چەمکی چاکسازی دەڵێت: (**الاصلاح ضد الفساد**) واتە ئیسلاح دژی خراپەکاری و کاری گەندەڵیە.

لێرەشەوە وشەی خراپەکارو گەندەڵ (مفسد) لە بەرامبەر چاکەکاری و چاکسازیخوازەوە واتە (مصلح) ەوە دێت.

باوەڕداران لە سەرانسەری مێژوودا داوایان لێکراوە چاکەخواز بن و لە خراپەو خراپەکاران بە دور بن:﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَـٰرُونَ ٱخْلُفْنِي فِي قَوْمِي وَأَصْلِحْ وَلَا تَتَّبِعْ سَبِيلَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴾ **الأعراف**/ ١٤٢.

واتە : موسا (دخ) بە هارونی برای فەرموو لە شوێنی من بە لە ناو نەتەوەکەمدا ئیسلاح بکە و شوێن ڕێچکەو ڕێبازی خراپەکارو گەندەڵەکان نەکەویت.

دژایەتی چاکسازی سیفەتێکی بنەڕەتی کەس و باندە دووڕووەکانە: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ قَالُوٓا۟ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴿١١﴾ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْمُفْسِدُونَ وَلَـٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ ﴿١٢﴾﴾ **البقرة** /١١-١٢.

واته: کاتێك پێیان بوترێت خراپەکاری لە زەویدا مەنێنەوە، وڵام دەدەنەوەو دەڵێن: بەڕاستی ئێمە ئیسلاحخوازین. نا بەڕاستی ئەگەر خراپەکار هەبێت ئەوانن بەڵام هەستی پێ ناکەن.

چاکسازیخوازو خراپەکار لە تەرازوی دادی خودادا یەکسان نین: ﴿ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ ﴾ ص/٢٨.

واتە: ئایە دەبێت باوەڕدارانی چاکەکار وەك ئەو کەسانە لێ بکەین و مامەڵە بکەین کە لە زەویدا خراپە دەنێنەوە؟.

خودای گەورە داوا دەکات لە دوای ئیسلاح کردن لە زەوی خراپەی تێدا بڵاو نەکەنەوە:﴿وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا ﴾ **الأعراف** / ٥٦.

واتە: دوای ئیسلاح کردن خراپە لە زەویدا مەنێنەوە .

## باسی خراپە و گەندەڵی (الفساد) لە قورئاندا

هەروەك ئاماژەمان پێ کرد چەمکی چاکسازی لە بەرامبەر چەمکی (فساد) ەو هاتووە، بۆیە لە پێناو ناسینی زیاتری چەمکەکەو ئاماژەو ناوەڕۆکەکەی دەبێت واتای خراپەکاری (فساد)و ڕواڵەتەکانی بناسین.

چەمکی خراپەکاری (فساد) هەروەك راغیبی ئەصفەهانی دەڵێت :((**بریتییە لە دەرچوونی شتێك لە دۆخی میانەڕەوی**)).

**پرسیار:**

**- لە قورئاندا چەمکی چاکسازی مانایەکی فراوان لە خۆ دەگرێت. چییە؟**

## هــەژار پــەروەری

ئیسلام بایەخێکی گەورەی بە توێژە هەژارو نەدارو لاوازەکانی کۆمەڵگە داوەو سەرنجی شوێنکەوتووانی بۆ بایەخدان و لا لێکردنەوەو بە تەنگەوە بوونیان رادەکێشێت، لێرەشەوە دەبێت لە رووی سیاسیی و کۆمەلایەتیشەوە کۆمەڵگە بەم ئاراستەیە پەروەردە بکرێت و سیاسەتە گشتییەکانیش بە قازانجی ئەم توێژانەو باشتر کردنی بارودۆخیان دابڕێژرێت.

### ئیسلام و بایەخدان بە توێژە هەژار و لاوازەکانی کۆمەڵگە

قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتدا سەرنجمان بۆ لای بایەخدان بە توێژە هەژارو کەم دەست و لاوازەکانی کۆمەڵگە رادەکێشێت و هەڵوێست بەرامبەر ئەوان و بە تەنگەوە بونیشیان بە راستگۆیی باوەڕی باوەڕدارەوە دەبەستێتەوە، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ۝١ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ۝٢ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ۝٣﴾الماعون / ١-٣. واتە: ئایە دەزانیت و دەبینیت ئەوەی کە باوەڕی بە ئاین و بە رۆژی دوایی نیە، ئەوە ئەو کەسەیە کە دەست بە روی بێ باوکەوە دەنێت و هانی خەڵك نادات بۆ تێرکردنی هەژارو گەداکان. هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت: ﴿مَا سَلَكَكُمْ فِى سَقَرَ ۝٤٢ قَالُوا۟ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ۝٤٣ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ ٱلْمِسْكِينَ ۝٤٤ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلْخَآئِضِينَ ۝٤٥﴾ المدثر ٤٢-٤٥.

واتە: پرسیار لە هەندێك لەوانەی خراونەتە دۆزەخەوە دەکرێت، کە چی ئەوانی خستۆتە دۆزەخەوە؟ ئەوانیش دەڵێن: لەبەر ئەوەی پەیوەندیمان بە خوداوە نەبوو نوێژمان نەدەکردو نانمان بە هەژارو گەدایان نەدەداو لەگەڵ ئەوانەی خەریکی گاڵتەو کاری بێ هودە بوون ئێمەش بێ هودە و بێ ئامانج ژیانمان بەسەر دەبردو رۆژگارمان دەگوزەران.

لە ئایەتی (٣٦) سورەتی ( النساء) یشدا خودای گەورە فەرمانمان پێ دەکات بە چاکە لەگەڵ کردن و بەدەمەوە بوونی دایك و باوك و هەندێك لە توێژە لاوازو بێ دەست دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ

وَٱلْمَسَـٰكِينِ وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا ﴿٣٦﴾ ﴾ النساء٣٦.

واته: تەنها خودا بپەرستن‌و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار مەدەن‌و چاکەکار بن لەگەڵ دایك‌و باوکتان‌و خزمان‌و بێ باوکان‌و هەژارو کەم دەستان‌و دراوسێی خزم‌و( دراوسێی نزیك)و دراوسێی بێگانە (دراوسێی دوور)و هاوەڵانی کارو سەفەرو ڕێبوارو ژێردەستەکانتان، بەڕاستی خودا ئەوانەی خۆش ناوێت کە خۆ دەنوێنن‌و فیز دەکەن‌و شانازی بەسەر خەڵکیدا دەفرۆشن.

پێغەمبەریش (دخ) لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت:((ليس بالمؤمن الذي يبيت شبعاناً و جاره جائع الى جنبه )) رواه الطبراني و البيهقي. واتە: ئەو کەسە بە باوەڕدار ناژمێردرێت، دراوسێکەی لەپاڵ دەستیەوە برسی بێت‌و پێشی بزانێت.

هەروەها دەفەرموێت:(( أيما أهل عرصة بات فيهم امرؤ جائع فقد برئت منهم ذمة الله ))رواه الحاكم.

واتە: خەڵکی هەر کوچەیەك برسیەك بە برسێتی شەویان لە ناودا ڕۆژبکاتەوەو نەچن بەدەمیەوە پەیمانی خودایان لە گەردن داماڵراوە.

پێغەمبەر (دخ) لە نزایەکیدا پەنا بە خودا دەگرێت لە هەژاری و دەفەرموێت:((اللّهم إنّي أعوذُ بِكَ من الكُفْرِ و الفَقْرِ)) واتە: خودایە خۆ دەپارێزم بە تۆ لە خودانەناسی‌و هەژاری. بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ هاوسۆزی لەگەڵ هەژارەکانداو خۆ بردنە ڕیزیان نەڕوخانیان لە نزایەکی دیکەدا داوا لە پەروەردگار دەکات لەگەڵ هەژارەکاندا بمرێت‌و زیندو ببێتەوە.

خودای گەورەش هەژاری‌و کۆیلەیی‌و قات‌و قڕی بە تەحەدای بەردەوامی مرۆڤایەتی‌و باوەڕداران دەزانێت‌و داوای ڕوبەڕوو بوونەوەی دەکات:﴿ فَلَا ٱقْتَحَمَ ٱلْعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْعَقَبَةُ ﴿١٢﴾ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوْ إِطْعَـٰمٌ فِى يَوْمٍ ذِى مَسْغَبَةٍ ﴿١٤﴾ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ ﴿١٥﴾ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ﴿١٦﴾﴾( البلد ١١- ١٦).

واتە: سەرەڕای هەموو ئەو توانایانەی بە مرۆڤمان بەخشیوە کەچی تاکو ئێستا نەیتوانیوە بەسەر کۆسپ‌و بەربەستەکەدا سەرکەوێت، جا تۆ چوزانی ئەو کۆسپ‌و بەربەستانە چین؟ ئازادکردنی کۆیلەو ژێردەستەکان‌و خۆراك بەخشین لە ڕۆژی گرانی‌و قات‌و قڕیداو بە تایبەتیش بە بێباوکی خزم‌و هەژارێکە خاکی‌و خاکەسارو بێ دەرەتان.

لێرەوە دەتوانیت پوختەی مەبەستی ئەم واتایە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

١- ئیسلام هانی شوێنکەوتووانی دەدات بۆ بەدەمەوە چونی چین‌و توێژە هەژارو نەدارو بێ دەستەکانی کۆمەڵگە.

٢- خەمی هەژارو بێ دەستەکان، دەکات بە خەمی هەمووان‌و کۆمەڵگەو دەیبەستێتەوە بە باوەڕی مرۆڤی موسوڵمانەوە. واتە: هەر کەسێك خۆی بە باوەڕدار بژمێرێت، ناگونجێت لە بەرامبەر مەسەلەی هەژاری‌و نەداری‌و کەم دەستی‌و هەژاران‌و خاوەن پێداویستیەکانی کۆمەڵگەدا، بێ هەڵوێست‌و کەم تەرخەم بێت‌و بەشێك نەبێت لەو هەوڵەی بۆ نەهێشتنی هەژاری و باشتر کردنی ژیان‌و گوزەرانی چینە کەم دەستەکان دەخرێتە گەڕ.

٣- هەژاری کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەو دەبێت هەمووان بەشداری لە چارەسەرکردنیدا بکەین، ئیسلام لەو سۆنگەوە بڕوای بە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ هەیە، دژایەتی هەژاری‌و کەم دەستی دەکات، هانی شوێنکەوتووانی دەدات لەسەر کارو چالاکی‌و گوزەراندنی ژیانێکی سەربەرزانە.

٤- پاراستنی هەست‌و کەرامەتی هەژاران تا ئەو ڕۆژەی لەم دۆخە دەردەچن، ئەرکی یەکە یەکەی موسوڵمانان‌و هاوڵاتیان‌و دەزگاکانی دەوڵەتە.

٥- دەبێت هەوڵی بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بدەین و کاربکەین بۆ باشتر کردنی بار و دۆخ و ژیانی چینە هەژارو کەم دەستەکان .

**پرسیار:**

**- ئەرکی باوەڕداران چییە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دیاردەی هەژاری؟**

**گفتوگۆ:**

**ئیسلام بایەخێکی گەورەی بە توێژە هەژارو نەدارو لاوازەکانی کۆمەڵگە داوەو سەرنجی شوێنکەوتووانی بۆ بایەخدان‌و لا لێکردنەوەو بە تەنگەوە بوونیان ڕادەکێشێت. ئەمە دەستەواژەیە لە کورتە باسێك ڕوون بکەوە.**

# وەرزی دووەم


پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
برلمان كوردستان ـ العراق
KURDISTAN PARLIAMENT_IRAQ

## وانەی یازدەم

# ئیسـلام و دیموکراسـی

### پێناسەو ناوەڕۆکی دیموکراسی

دیموکراسی چەندەها پێناسەی بۆ کراوە، لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییەو لە دوو بڕگە پێکهاتووە(Demos) واتە گەل و(Kratos) واتە دەسەڵات کە بە گشتی دەسەڵاتی گەل دەگەیەنێت، بەڵام پێویستە بزانین کە پێناسە نوێیەکانی دیموکراسی ئەم پێناسە یۆنانییەیان تێپەڕاندووە، چونکە زیاتر بەسەر مۆدێلی دیموکراسی ڕاستەوخۆدا دەچەسپێت، کە زۆر کەم نەبێت نەماوەو مۆدێلی دیموکراسی نوێنەرایەتی شوێنی گرتۆتەوە، واتە گەل ڕاستەوخۆ حوکمی خۆی ناکات بەڵکو لە ڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیەوە حوکمی خۆی دەکات.

(موریس دوفر جیە) کە بیرمەندێکی فەرەنسییە دەربارەی پێناسـەی دیموکراسـی دەڵێت:((دیموکراسی سیستمێکە، کە بە گوێرەی ئەو زۆرینەی دانیشتوان هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی حکومەت، کەمایەتیش مافی ڕادەربڕینی هەیەو هەموو بیروباوەڕو ڕەوتەکان ڕێزلێگیراون و هەموو هاوڵاتیانیش لەم سیستمەدا یەکسانن)).

دەکرێ بڵێین دیموکراسی لانی کەم شێوەیەکە لە شێوەکانی حوکم کردن، واتە ڕێگایەکی تایبەتە بۆ گەیشتن بە بڕیارە حکومیەکان، حکومەتێکی دیموکراسیش لەبەر تیشکی ئەو پێناسەی سەرەوەدا لانی کەم ئەم سیفەتانەی خوارەوەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووەو تێدایە:

١ – **یەکسانی سیاسی**: واتە دەبێت دەرفەت بۆ هەموو هاوڵاتیان بۆ بەشداری کردن لە دروست کردن و داڕشتنی بڕیاری سیاسیدا یەکسان بێت و هەڵاواردن و جیاکاری لە نێوان هاوڵاتیاندا نەکرێت.

٢ – **وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ ویستی گەل**: واتە حکومەتێکی دیموکراسی و دەست نیشان کراوو هەڵبژێردراو لەلایەن گەل و هاوڵاتیانەوە ئەوە دەکات، کە گەلەکەی داوای دەکات و دەیخوازێت، چونکە بریکاری ئەوانە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا.

٣ – **حوکمی زۆرینە و مافی کەمینە**: واتە کاتێك گەل، یاخود نوێنەرانی گەل، لە ناو خۆیدا لەسەر ئەوەی پێویستە حکومەت چی بکات و چی نەکات کۆك نابن، ئەو کاتە پێوەر بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم جیاوازییە بوونی زۆرینەیە، واتە زۆرینە لەگەڵ چی بوو، ئەوە دەبێتە بڕیارو سیاسەتی ڕەسمی پەیڕەو کراو، کەمینەش مافی ڕادەربڕین و موعارەزە بوون و چاودێری پارێزراوەو بۆشی هەیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ببێتە زۆرینە. کەواتە دیموکراسی لە هەموو حاڵەتێکدا دووڕوو دەگرێتە خۆ:

١- رژێمێکە بۆ حوکم کردن.

٢- کۆمەڵێك میکانیزمو دامو دەزگایە، کە ئەرکی ئەمانەش بەدەست هێنانی دوو پێویستی سەرەکییە، بەم جۆرەی خوارەوە:

ئـ- توانای شۆڕبوونەوە بەناو ویستی زۆرینەی گەلداو گوزارشت لێدانەوەی، واتە وەلامدانەوەی پرسیارەکانی کێ نوێنەرایەتی گەلو هاولاتیان دەکاتو چۆن حوکمیان دەکات؟ کە پیادەکردنو بەدیهێنانی ئەم خواستەش ئازادی دامەزراندنو چالاکی پارتە سیاسیەکانو مافی هەڵبژاردنو دەنگدانی ئازاد دەخوازێت.

ب – فەراهەم کردنی ئەو رێو شوێنانەی زامنی ئەوە بکات دەنگدەران چیان لە نوێنەرەکانیان دەوێت، بەوجۆرە رەفتار بکەنو کاتێکیش لە ئەرکەکانی سەرشانیان کەمتەرخەمیان کرد، بێنە گۆڕینو لە دەسەلات بهێنرێنە خوارەوە، ئەمەش لە رێگەی چاودێری گەل بەسەر دەسەلاتەوەو بوونی ئاڵ و گۆڕی ئاشتیانەی دەسەلات و هەڵبژاردنی خولی نوێنەرانی گەل.

کەواتە ناوەڕۆکی دیموکراسی بە دور لە تەم و مژو گێروگرفتی زاراوە وپێناسەکانی، بریتییە لەو میکانیزمو رێو شوێنو شێوازو دەستەبەری، کە هاولاتیان لە رێیانەوە دەتوانن سیستمی سیاسیو فەرمانڕەوایەتی خۆیان لە رێی هەڵبژاردنی ئازادو روونەوە دیاری بکەنو کەس نەتوانی مۆدیلی لە فەرمانڕەواییو کۆمەڵێك فەرمانڕەوایان لە دەرەوەی خواستو رەزامەندی ئەوانەوە بەسەردا بسەپێنێت، هەروەها بریتییە لە دابین کردنی فرەیی فیکریو سیاسیو چاودێری گەل بەسەر دەسەلاتەکان و حوکم کردنی فەرمانڕەواکان، بە گوێرەی دەستورێکی مەدەنی کە مافو ئازادی هاولاتیان بپارێزێتو لەکاتی پێشێلکردنی دەستوریشدا مافی حوکم کردن لە دەست بدەنو لە دەسەلات وەلا بخرێنەوە.

هەروەها رژێمێك کە پارتو هێزە سیاسیەکان لە ناو یەکدیددا کێبڕکێی یاساییو ئاشتیخوازانە دەکەن، بۆ گرتنە دەستی دەسەلاتو رازیکردنی هاولاتیان، بۆ هیچ هێزێکیش نیە بۆ گەیشتنە دەسەلات یاخود مانەوەی تیایدا توندو تیژی بەکار بهێنێت، چونکە دەنگی خەڵك بڕیاری ئەوە دەدات هەر هێزێك تا چەندو کەی دەتوانێت لە دەسەلاتدا بمێنێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە رێی هەڵبژاردنە خولییەکان ئاڵ وگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلات دەستەبەر دەکرێت.

## وانەی دوازدەم

# یەکسـانی گـەل و نەتەوەکـان
# لە روانگەی ئیسلامەوە

لە روانگەی ئیسلامەوە گەل و نەتەوەکان یەکسانن‌و کەس نەتەوەی هەڵبژێردراوی خودا نیە، چونکە ئیسلام ئاین‌و پەیامێکی جیهانییەو بۆ سەرجەم گەل و نەتەوەکان هاتووە، تایبەت نیە بە گەل‌و نەتەوەو ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، بۆیە هەر هێزو لایەنێك لافی ئەوە لێبدات (ئیسلام) موڵکی نەتەوەیەکی دیاریکراوە، دەیەوێت سودی سیاسی لەمە بەرێت‌و ئیسلام (استغلال) بکات‌و پێچەوانەی پەیام‌و ناوەڕۆکەکەی بەکاری بهێنێت.

**ئەم بۆچوونەی ئیسلامیش بەم بنەمایانەی خوارەوە پشت دەبەستێت:**

١ - لە روانگەی ئیسلامەوە سەرجەم گەل‌و نەتەوەکان، یەك بنچینەیان هەیە وبەمەش کەسیان لە ئاڵتون نەخوڵقاوەو هەندێکی دیکە لە گڵ و خۆڵ، واتە ئیسلام بڕوای بە یەکێتی مرۆڤایەتی‌و جۆری مرۆڤ‌و جیاوازی و فرەیی زمان و فەرهەنگ‌و گەل‌و نەتەوەکان هەیە، بە واتایەکی دیکە لە روی مرۆڤایەتییەوە سەرجەم گەلان خاوەنی بەهای وەك یەکی مرۆڤایەتین‌و کەسیان لەوی دیکە بەرزتر نیە، بەمەش ئیسلام هەموو ئەو تیۆریە رەگەز پەرستانە رەتدەکاتەوە، کە لە مێژوی نوێدا وەدەر کەوتوون‌و باس لە رەسەنایەتی‌و بەرزتربوونی هەندێك رەگەزو نەژاد دەکەن بەسەر هەندێکی دیکەوەو هەر لێرەشەوە رەوایەتیان بە داگیرکردنی وڵاتان و چەوساندنەوەی گەل‌و نەتەوەو رەگەزەکانیان داوە.هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡ﴾الحجرات/١٣.

٢- جیاوازی گەل‌و نەتەوەکان، رەنگدانەوەی خواستی خودایە لەسەر زەویداو نابێت بکرێتە سەرچاوەی نایەکسانی‌و جیاکاری، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡعَٰلِمِينَ﴾ (الروم٢٢). واتە: لە نیشانەو بەڵگەکانی خودای گەورە بەدیهێنانی ئاسمانەکان‌و زەوی‌و جیاوازی رەنگ‌و زمانتانە. کەواتە بوونی گروپی نەتەوەیی جۆراوجۆرو گەل‌و نەتەوەکان، هەر یەکەیان خاوەنی داب‌و نەریت‌و فەرهەنگ‌و خەسڵەتی تایبەتی خۆی بێت، ئەمەش لە گروپەکانی دیکەی جیا بکاتەوە، شتێکی خودایییە، هەروەها هەموو ئەو هەوڵانەی دراون‌و دەدرێن، کە مەبەست تیایاندا گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیەك لە نەتەوەکان‌و زمان‌و فەرهەنگ‌و لە پێناو تواندنەوەی لە ناو نەتەوەیەکی دیکەدا، بە کارێکی دژ بە ئیرادەی خودای گەورە لە بوون‌و

بنەما ئیسلامیەکان دەدرێت‌و سیاسەتێکی دژە ئیسلامی‌و دژە ئینسانیەو لە بیرکردنەوەیەکی رەگەز پەرستانەو دەمارگیرانەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە روانگەی ئیسلامەوە هەروەك لەئایەتەکەی سورەتی (الحجرات) دا جاوازی گەل‌و نەتەوەکان لە کاتێکدا ویستی خودای گەورەی لە پشتەوەیە، ئامانج تیایدا ناسینی یەکدی‌و داننانی هاوبەش بە یەکدیداو رێزگرتن لە تایبەتمەندی یەکدی‌و گفتوگۆو هاوکارییە، لە پێناو خێروخۆشی هەمووان‌و مرۆڤایەتیدا، وشەی (لتعارفوا) لە ئایەتەکەدا لە پێناوی پێکەوەژیانی ئاشتیانەو یەکسانی گەلان بەرجەستە دەکات، بەلای کەمەوە واتای لێکنزیکبوونەوەی دوو قەوارەو بیری ئازاد دەیانگرێتەوە.

## دەرەنجامەکانی بنەمای یەکسانی گەل و نەتەوەکان لە روانگەی ئیسلامەوە

١-قەدەغە کردن‌و دژایەتی کردنی سەرجەم ئەو فکر و رێباز و رەفتارانەی بە جۆرێ لە جۆرەکان رێزی نەتەوەیەك بە سەر نەتەوەیەکی تردا دەدەن و بناغەی نایەکسانی نێوان گەلان دادەرێژن ، چونکە لە ئیسلامدا هەروەك پێغەمبەر ( دخ) فەرمویەتی:((لا فضل لعربي على أعجمي ولا اعجمي على عربي ولا لأبيض على أحمر إلاّ بالتقوى و العمل الصالح)). واتە: عەرەب رێزی بەسەر غەیری عەرەبدا نیەو بە پێچەوانەشەو سپی پێستیش رێزی بەسەر رەشپێستدا نیە.

ئیسلام لەخوار ئاستی گەل‌و نەتەوەکانیشەوە، واتە لە ئاستی خێڵ‌و ناوچەو تایەفەشدا دەمارگیری و بەنزم سەیرکردنی کەسانی دیکەو شانازی کردنێکی دەمارگیرانەو لوتبەرزانە، بە باوو باپیرانەوە بە روالەتێکی ژیانی نەفامی دادەنێت، نابێت شانازی کردن لەم بازنانەدا سەر بکێشێت بۆ نایەکسانی.

دەبێت گەل‌و نەتەوەکان لە روی سیاسیەوە خاوەن مافی وەکو یەك بن‌و مافی چارەی خۆنوسین‌و دامەزراندنی قەوارەی تایبەت بە خودو دیاریکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوروبەردا هەبێت، چونکە نایەکسانی لە مافەکاندا بەتاڵ کردنەوەی یەکسانیان لە بون‌و لە بەردەمی خودای گەورەدا.

٢-یەکسانیش دەبێت لە واقیعی ئێستادا لێکبدرێتەوە، کە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی‌و ئەندامێتی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و چەندین شتی دیکە، لێرەشەوە بێبەشکردنی هەر نەتەوەیەك لە ماف سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەلأیەتی‌و نەتەوەییەکان، بە پێچەوانەی ئەم بنەما ئیسلامییەیە، گەر موسوڵمانان وەکو تاك لەبەر دەمی یاسای خودادا یەکسان بن، گەلانی موسوڵمان‌و سەرجەم گەلانیش یەکسانن، لێرەشەوە بێبەشکردنی نەتەوەیەك لە مافەکانی لەم سەردەمەدا، بەناوی ئیسلامەوە یاخود هەر پاساوێکی دیکە تاوانێکی گەورەیەو رەچاونەکردنی بنەمای یەکسانی گەلان و دادپەروەرییە.

٣- خەبات لە پێناو گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ پەیوەندی لە نێوان گەلان ویەکسانیو مافی وەك یەکیان ڕەوایەو لە ڕوانگە ئیسلامەوە بەشێکە لە خەبات بۆ لابردنی ستەمو زۆرداری، چونکە نا یەکسانی سەرچاوەیەکی گەورەی سەرهەڵدانی ستەمو زۆرداریە، ستەمیش لە ئیسلامدا قەدەغە کراوەو مافی بەرگری لەخۆکردنیش بە ستەملێکراوانو دەستدرێژی بۆسەرکراوان دراوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَمَا لَكُمْ لَا تُقَـٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْ هَـٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلظَّالِمِ أَهْلُهَا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا ﴿٧٥﴾ ﴾ النساء٧٥.

٤- نایەکسانی نێوان گەلانو لەوانەش گەلو نەتەوە موسوڵمانەکان، برایەتی ئیسلامیو ئینسانی لە ناوەڕۆکەکەی بەتاڵ دەکاتەوە، چونکە لە سایەی باڵادەستی چەند نەتەوەیەكو ژێردەستو چەوساندنەوەی ئەوانی دیکەو بێبەشکردنیان لە مافو ئازادییان، هیچ واتایەکی نامێنێتو دەبێت بە دروشمێکی بێ ناوەڕۆك، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە دروشمەکە بە قازانجی ئەو گەلو نەتەوانە بەرز بکرێتەوە کە ناهەقیان بەرامبەر کراوە.

بۆیە هەر هێزو کەسێك لایەنگری مافی وەك یەکی گەلانی موسوڵمان نەبێت، لە هەڵبڕینی دروشمی برایەتی ئیسلامیدا ڕاستگۆ نیە.

٥- یەکسانی یەکێك لە پایەو ڕەنگدانەوەکانی چەمکی دادپەروەریە، نا یەکسانی لە شوێنو کاتدا یەکسانە بە نەبوونی دادپەروەری، لێرەوە نایەکسانی نێوان گەلان پێشێلکردنی سەرەتای دادپەروەرییە، کە بنەڕەتترین بەهای ئیسلامو ئاینەکانو فەرهەنگە زیندوەکانی مرۆڤایەتییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بڕوابوون بە سەرەتای دادپەروەری ئیسلامی باوەڕهێنان بە یەکسانی گەلو نەتەوەکان لە مافەکانو گوزارشت دانەوە لە خۆ دەگرێت.

٦- بنەمای یەکسانی گەلو نەتەوەکان لە ئیسلامدا، خوازیاری سیستمێکی نێودەوڵەتییە، کە لەوێدا گەلان نەك تەنها دەوڵەتان مامەڵەی یەکسانیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە مامەڵە کردن بە گیانی برایەتیو ئاشتیو ئاسایشو هاریکاری نێودەوڵەتیو سەرەتای مرۆڤایەتی بوون، ئەوە دەخوازێت، کە بەداخەوە تاکو ئێستا سیستمی نێودەوڵەتی باو نا یەکسانیو ناعەدالەتیەکی زۆری تێدا دەبینرێت.

**پرسیار:**

**- دەرەنجامەکانی بنەمای یەکسانی گەل و نەتەوەکان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە چین؟**

**- بۆچی کەس نەتەوەی هەڵبژێردراوی خودا نیە، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ؟**

**گفتوگۆ:**

**بەراوردێك بکە لە نێوان یەکسانی گەل و نەتەوەکان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە لە گەڵ تیۆرە جیهانییە نوێیەکان.**

# بەشی سێیەم

## هێڵە گشتییەکانی تێڕوانینی ئیسلام بۆ سیستمی ئابوری

﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا
تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن
كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي
ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٧٧﴾

**القصص ٧٧**

## وانەی سێزدەم

### بنەماکانی تێڕوانینی ئیسلام بۆ مەسەلە ئابوریەکان

بۆچوونی ئیسلام دەربارەی مەسەلە ئابوریەکان لەسەر کۆمەڵێك روانگەو بنەما دامەزراوە لەوانەش ئەمانەی خوارەوەن:

١- **بنەمای جێنشینی**: واتە بوونەوەر و هەرچی وا لە ناویدایە موڵکی خودایە و مرۆڤ لە زەویدا جێنشینیەتی: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾﴾ البقرة ٣٠. واتە: کاتێك پەروەردگار بە فریشتەکانی فەرموو من جێنشینێك بۆ خۆم لەسەر زەوی دادەنێم، فریشتەکانیش گوتیان: ئایا کەسێکی تێدا دادەنێی خراپکاری تێدا بکاتو خوێنی تێدا بڕێژێت؟ لە کاتێکدا ئێمە تۆ بە پاك و بێگەرد رادەگرین؟ پەروەردگار وەڵامی دانەوەو فەرمووی: بەڕاستی من شتانێك دەزانم کە ئێوە نایزانن.

ئەوەی لەم بنەمایەشدا دەکەوێتەوە ئەم دوو خاڵەی خوارەوەیە:

ئ- خاوەندارێتی مافێکی رەها نیە، بەڵکو لە بنەڕەتدا بەخششێکی خودایە بۆیە پێویستە بە جوانی بەکار بێتو سوودی لێ وەربگیرێت، بە جۆرێك کە خێرو خۆشی خاوەن موڵکەکەو کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی تێدا بێت.

ب- ئامانجی خاوەندارێتی ئاوەدان کردنەوەی زەویو باشترکردنی ژیانی ئەو خەڵکانەی لە سەری دەژین.

٢- **بنەمای لێپرسینەوەی رۆژی دوایی**: تێڕوانینی ئابوری ئیسلامی هەوڵدەدات باوەڕی خەڵك بە قازانجی بەرەو پێش بردنی ئابوریو مامەڵەیەکی ئابوری پاكو دادپەروەرانە تر بخاتە گەڕو سودی لێ وەربگرێت.خودای گەورە دەفەرموێت:﴿وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِي ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾﴾ القصص٧٧.واتە: داوای ئەوە بکە کە خودای گەورە لە رۆژی دواییدا پێت دەبەخشێتو هەوڵی بۆ بدە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشی خۆشت لە دنیادا بیر نەچێتو بایەخی پێ بدە، باشبە هەروەك چۆن خودا باشی لەگەڵ کردووی، خراپە لە زەویدا مەنێرەوە، چونکە خودا خراپەکارانی خۆش ناوێت.

بەستنەوەی مەسەلەی ماڵو داراییو سامانو خراپەکاریش لە ئایەتەکەدا ئاماژەیە بە پەیوەندی نێوان هەردووکیانەوە، واتە هەرکاتێك ماڵو سامان لە چوارچێوەی ڕێنوێنیەکانی ئاینی خوداو بەو جۆرەی خێرو خۆشی مرۆڤایەتی دەیخوازێت بەکار نەهات، دەبێتە سەرچاوەی ستەمو تاوانو خراپەکاری، لەم بنەمایەش ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەوێتەوە:

ئ- چاودێری خودی مرۆڤ بەسەر خۆیەوە. ب- هاندان لەسەر کاری بەرهەمهێنەرو چاك لە دنیادا.

٣- **بنەمای مام ناوەندێتی (التوسط)**: واتە دورکەوتنەوە لە یەك کاتدا لە گۆشەگیریو وازهێنان لە خۆشیەکانی دنیا لەگەڵ ماڵ و سامان بە فیڕۆ دانو نوقوم بوون لە تێرکردنی ئارەزوەکان (**التبذیر والاسراف**)، ئیسلام داوای ژیانێکی مام ناوەندی و هاوسەنگ لە شوێن کەوتووانی دەکات.

خودای گەورە لەم ڕووەوە دەفەرموێت:﴿وَلَا تَجۡعَلۡ يَدَكَ مَغۡلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبۡسُطۡهَا كُلَّ ٱلۡبَسۡطِ فَتَقۡعُدَ مَلُومًا مَّحۡسُورًا ﴿٢٩﴾﴾ **الأسراء ٢٩**. واتە: دەستت بە تەواوی مەنوقێنە لە بەخشینو تەواویش مەیکەرەوە، تا لەو کەسانە نەبی سەرزەنشت دەکرێنو لە کارەکانیان دوادەکەون. ئەم بنەمایەش ئەم خاڵانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە :

ئ- ئازادی خاوەندارێتی (**حرية التملك**).

ب- ئازادی بەکارهێنانو مامەڵە پێکردن(**حرية التصرف**).

پ- ئازادی هەڵبژاردنی چالاکی ئابوری و کاری دڵخواز .

هەموو ئەوەش لە چوارچێوەی ڕێنوینیەکانی ئیسلامو ڕەچاوکردنی یاساو زیان نەگەیاندن بە گیانو ماڵی کەسانی دیکە.

٤- **بنەمای زیان نەدان و زیان لێنەدان (لا ضرر ولا ضرار)**: مرۆڤ بۆی نیە زیان بە موڵكو ماڵی کەسێکی دیکە بگەیەنێت، گەرچی زیانیشت لێدبدەن، نابێت هەوڵبدات بە زیان دانەوەی لە ماڵو سامانی ئەو کەسەی زیانەکەی پێ گەیاندووە قەرەبووی خۆی بکاتەوە، بەڵکو دەبێت پەنا بەرێتە بەر دادگاو بەو جۆرەی یاساو حوکمە شەرعیەکان دیاریان کردووە، مافی خۆی وەربگرێتەوە، ئەمەش لە پێناو ڕێگری لە خراپە نانەوە لەناو کۆمەڵگەو ڕەچاوکردنی چاکەو بەرژەوەندی گشتی.

خودای گەورە دەفەرموویت:﴿وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ **القصص٧٧**. واتە: هەوڵی خراپە نانەوە لە زەویدا مەدە، چونکە خودا خراپەکەکارانی خۆش ناوێت. لەم بنەمایەش ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەونەوە:

ئ – پێویستە چالاکی ئابوری بەکەڵك بێتو دور بێت لە زیان گەیاندن بە خەڵكو کەسانی دی.

ب – وەدیهێنانی ئامانجە ئابوریو پەرەپێدانی کۆمەڵگە.

٥- **بنەمای کار و پاداشت** :کارکردن لە ئیسلامدا عیبادەتەو ئەرکە، لەو سۆنگەشەوە پێویستە هەموو کەس بە گوێرەی توانای خۆی کار بکات، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ ٱعْمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۖ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَـٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ **التوبة**١٠٥. واتە: ئەی موحەممەد بە باوەڕداران بڵێ: کار بکەن لە داهاتوویەکی نزیکدا خوداو پێغەمبەرەکەیو باوەڕداران کارەکانتان دەبینن، دوای ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ دنیای ئاشکرا و پەنهان، لەوێشەوە خودا هەواڵی هەموو کردەوەکانتان پێدەدات.

لەم بنەمایەش ئەم دووخاڵە دەکەونەوە:

ئ - هاندان لەسەر کار و بەرهەمهێنان . ب - مافی کرێ لە بەرامبەر کارو موڵك.

٦-**بنەمای لە پێشینە بوونی پێداویستیە پێویستەکان (الحاجات الضرورية)**: لە فقهی ئیسلامیدا پێداویستیەکانی مرۆڤ بەسەر سێ ئاستدا دابەش بوون:

ئ- پێداویستییە بنەڕەتیەکان(**الضروريات**): کە بریتین لە هەموو ئەو پێداویستیانەی بۆ پاراستنو مانەوەی ئاینو گیانو ماڵو ئەقڵو وەچە پێویستن.

ب- پێداویستییە ژیان ئاسانکەرەکان(**الميسرات**): بریتین لە هەموو ئەو پێداویستیانەی ژیانی تاکەکەس لە سەریان نەوەستاوە، بەڵام بۆ ژیانێکی ئاسانترو خۆشگوزەرانتر پێویستن.

پ- پێداویستییە جوانکارەکان(**التحسينات**): بریتین لە هەموو ئەو پێداویستیانەی بە وازلێهێنانیان ژیان پەکی ناکەوێت، بەڵام بە ئەوانەوە جوانترو رازاوەتر دەبێت.

لەم بنەمایەشەوە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەونەوە :

ئ - پێناسە کردنو ناساندنی هەرسێ جۆرە پێداویستییەکە.

ب- دیاریکردنی لە پێشتر بوون ( **الأولويات**)ی وەبەر هێنانی ئیسلامی، واتە لە پێشەوە بایەخ بە بەدیهێنانی چ پێداویستییەك بدرێت.

پ- دابەش کردنی کەرەسە ئابوریەکان بە گوێرەی ئاستی وەبەرهێنانی کۆمەڵگە، بۆ ئەم پێداویستیانە، واتە گواستنەوە لە بەدیهێنانی پێداویستیەك بۆ ئەوەی دیکە بە گوێرەی توانای کۆمەڵگە لە دابینکردنیاندا.

**چالاکی:**

**بۆچوونی ئیسلام دەربارەی مەسەلە ئابوریەکان لەسەر کۆمەڵێك روانگەو بنەما دامەزراوە کە لەم وانەیە ئاماژەیان بۆ کرا. ئایە بە بۆچوونی تۆ چارەسەری کردارین بۆ واقیعی ئابوری کوردستان؟ لە راپۆرتێکدا رای خۆت بە بەڵگەوە دەربڕە.**

## وانەی چواردەم

# ڕێسا گشتییەکانی یاسادانانی ئیسلامی لە مەسەلە ئابوریەکاندا

کۆمەڵێك ڕێسا هەن کە دەبێت لە کاتی یاسادانان(تشريع)ی ئیسلامیدا بۆ ئاراستە کردنی چالاکییە ئابورییەکان رەچاو بکرێن و لە بنەڕەتیشدا ڕێسای گشتین بۆ بوارەکانی دیکەی یاسا دانانیش، بەشێك لەو ڕێسایانەش بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- کاروبارەکان بە مەبەستەکانی پشتیانەوە دەپێورێن(الأمور بمقاصدها):واتە هەموو کاروکردەوەیەك بەو مەبەستو نیازەی خاوەنەکەی دەپێورێت، کە دەیەوێت پێی بگاتو لە پشت کارو هەنگاوەکانیەوەیەتی، چا بەرەنجامو مەبەستەکان باش بن یان خراپ.

٢-ئاسانکاریو هەڵگرتنی تەنگەتاوی (المشقة تجلب التيسير): واتە حوکمە شەرعیەکانو دەقە یاساییەکانی سەرچاوگرتوو لە ئەوان، بە جۆرێك بن، مرۆڤ بتوانێت بێ ناڕەوحەتیو باری شانگرانبوونو تەنگەتاو بوونێکی زۆر، ئەنجامیان بداتو پێیانەوە پابەند بێت.

٣-زیان لادەبرێت (الضرر يزال): واتە دەبێت یاساو ڕێسا دانراوەکان، لە بەرژەوەندی خەڵکدا بن لە دنیاو لە دوا ڕۆژداو هەموو ئەو شتانەیان لێ دور بخاتەوە کە زیانیان لێدەداتو ئازاریان دەدات، بەڵام زیان بە زیان لانابرێت.

٤-دڵنیایی بە گومان لاناچێت(لا يزول اليقين بالشك): بە گوێرەی ئەم ڕێسایەش بنەڕەت لە مرۆڤدا بێ تاوانییەو لە شتەکانیشدا ڕەوا بوونە(مباح).

٥-داب ونەریت داوەریکەرە (العادة محكمة) : واتە ئەو شتانەی خەڵك لە سەری ڕاهاتوونو دابو نەریت لە نێوانیاندا لە کاتو شوێنێکی دیاریکراودا بە گوێرەی ئەوە دەڕوات، لە مەسەلە گەلێکدا دەقێکی ئیسلامی لە بارەیەوە نەهاتووە، وەرگیراوەو ئیشی پێ دەکرێت، وەك پێوەرێك لە بواری کاروبارە ئابوریەکاندا، بە مەرجێك نەریتەکە بڵاو بێتو پێچەوانەی ئەو مەرجانەش نەبووبن دوولایەنی گرێبەستێك لە سەری ڕێککەوتوون.

بایەخی ئەم ڕێسایانەی سەرەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە سەرچاوەی ڕێکخستنی پەیوەندی گرێ بەستو مامەڵە و ڕێ و شوێنەکان لە سیستەمی بانکداری ئیسلامیدا پێکدەهێنن.

**پرسیار:**

**- ئەو ڕێسایانە چین کە سەرچاوەی ڕێکخستنی پەیوەندی گرێ بەستو مامەڵە و ڕێو شوێنەکان لە سیستەمی بانکداری ئیسلامیدا پێکدەهێنن؟**

# بەشی چوارەم

## ئایینناسی

(ئاینی ئێزیدی)

## وانەی پازدەم

# ئاینی ئێزدی

## پوختەیەك دەربارەی ئاینی ئێزدی

ئێزدی یەکێکە لە ئاینەکانی کوردستان و سەبارەت بە رەگ و ریشەی مێژویی ئەم ئاینە و سەرهەڵدانیشی ڕای جیاواز هەیە ، هەندێ لە نوسەران سەرهەڵدانی دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی یەزیدی کوڕی معاویە و پێیان وایە لەڕێی هەندێ ڕێبەری سۆفیەوە بانگەوازی بۆ کراوە و، سەرەنجام لەسەر دەستی (شیخ شمس الدين) شتی تری تێکەڵ کراوە و بووە بە ئاینێکی جیاواز.

**شارەزایانی ئاینی ئێزیدی دەربارەی ئاینەکەیان دەڵێن:**

ئاینی ئێزدی یەکێکە لە ئاینە کۆنەکانی کوردستان، سەبارەت مێژووی سەرهلدان و پەیدابوونی ئەم ئاینە دەگەڕێتەوە پێش ئاینی زەردەشتی یەوە کە رەگ و ریشالی دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی مەزدایی و میترایی کە گرنگیەکی زۆر دەدەننە خۆر (رۆژ) کە بروایان بەیەك خودایی تاك و تەنیا هەیە کەپێ دەلێن (ئێزی، ئێزدان)کەواتە (خودا) ،هەر بەم ناوەش ناویان دەبن بە (ئێزدی) کە واتە (خودا پەرێس).

وشەی (ئێزدی) زۆر کۆنە و لە نووسینی مسماری دا لە سەردەمی سومەریەکان و بابلەیەکان هاتووە. بەم شێوەیە (ئێ – زی – دی ) کە رامانەکەی گیانی پاك و پیرۆزە و ئەوانەی لسەر ڕێگای راست و دورست دەچن .

مەلبەندی پەیدابوون و بلاوبوونەوەی ئەم ئاینە کوردستانە، خەلکانێکی زۆر بروایان بە ئاینی ئێزدی هێنا بوو، پێش پەیدابوون و بلاوبوونەوەی ئاینە ئەسمانیەکان لە ناوچەکەدا، و شوێنی پیرۆزیان دروست کردوە بۆ پەرستنی خودا و پیرۆزترین پەرستگەیان، کە پەرستگەی (لالش)ە کە دەکەوێتە کوردستانی عیراق و شوێنپەنجەو شوێنەوارەکانی ئاینی ئێزدی لە هەموو کوردستان تا ئێستا ماوە، ئەوەی گرنگە ئێستا ئاینێکی سەربەخویە و باوەردارانی ئەم ئاینە بە شێوەیەکی گشتی لە رووی نەتەوەییەوە کوردن ، مەلبەندی بلاوبونەوەشی عیراق و سوریا و تورکیا و روسیا و ئەرمنستان و

رەوەندی بەندیش لە لوبنان و خۆرئاوا هەنە. و ئێزدییەکان چەند مێرنشینێکی جودا دامەزراندووە وەکو میرنشینی داسنیی و مێرنشینی ئادیان و و ئستش خاوەن مێرنشینی ئێزیدخانن، ئاینی ئیزدی بڕوایەکی تەواو بەپێکەوە ژیان و تەبایی و برایەتی لە گەل باوەردارنی ئایینەکانی تر هەیە ، هەروەها ئاییینی ئیزدی ڕێ بەکەسیش نادات کە لە ئایینەکی تر بێتە ناو ئاینەکەیان ، کەواتە مزگێنبەر نییە ، بەڵکو داخراوە لسەر خوی ، ئەمەش لە تێکستی پیرۆزی ئاینی دا بەراشکاوی دەردەکەوێت. هەروەها ڕێز لە بیرو باوەڕی هەموو ئاینەکان و پێغەمبەران دەگرن، چونکە ئاین ئاینی خودایە بۆ چاکسازی و خزمەتی مرۆڤایەتی هاتووە.

## سیستەمی چینایەتی لەئاینی ئێزدی دا :

چین لـە ئـاینی ئێـزدی دا تەخێکـە لەکۆمـەڵێك مــرۆڤ پێـك دێـت، ئـەرکیان بـەرێوەبردن و پەیرەوکردنی رێورسمە ئاینییەکانە ،چین لە ئێزدیاتی دا ، نـە وەکو چینەکانی ئاینی تـرە، بـەڵکو تایبەتمەندی خۆی هەیە، چین لە ناو ئێزدیان دا بە شێوەی بوماوەیی یە( پشتاو پشت)ە ، کە واتە لە دایك و باوك بۆ مندالیان دەمێنێتەوە هەروەها ژنخوازی لە چینێك بۆ چینێکی تر گوناحە .

ئێزدیەکان دەبنە سێ چین کە ئەمانەن ( پیر، شێخ ، مرید ) و هەر چینێك ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە.

١- پیر: رێبەری ئاینییە، ئەرکی فێرکردن و بلاْوکردنەوەی بیروباوەڕی ئێزدیاتییە لە ناو کۆمـەڵ دا. و هـەر پیرێـك کۆمـەڵێك مریـدی تایبـەتی خـۆی هەیـە و سـاڵێ جارێـك لـە ناویـان دەگـەڕێت بـۆ فیرکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و کۆکردنی خێر لـە نـاو مریدەکانی خۆی . چینی پیر لـە چەند بنـەماڵێکی سـەرەکی پێك هـاتوون کـە ژمارەیـان نێزیکـەی (٤٠) بنەماڵەیـە .نموونـەش وەکـو بنەماڵـەی (پیر هەسن مـەمان، پیری شـالیار، پیر رەشـی حـەیران، پیری هاجیـال و پیر مەهمـەدی رەشان ...... هتد).

٢ – شێخ : ئەوانیش رێبەری ئاینیین، و لە سێ بنەماڵەی سـەرەکی بەرجەسـتە دەبن کـە ئەمانـەن ( ئـادانی، شەمسـانی، قاتـانی ) و هەریـەکیان تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە لـە رووی پلـە و پایـەی ئاینییـەوە . و ژن و ژنخـوازی لـە نێـوان ئـەم سـێ بنەمالەشـدا گوناحـە . نموونـە لـە بنەماڵـەکانی شـێخی ئێزدیـەکان وەکـو بنەماڵـەی ( شـێخادی، شـێخ حەسـەن، شێشـمس، شـێخ فـەخر، شـێخ و بەکر،شێخ براهیمی خورستانی ..هتد ) .

٣ – موریـد: خـەڵکی گشتین لـە ئێزدیـەکان، لـە شـێخ و پیرەکانیـان فێـری بیرو باوەڕی ئاینەکـەیان دەبن و پێویستە هەر ئێزدیەك شێخ و پیری خۆی هـەبێت، مریـدەکان بۆیـان هەیـە لـە نـاو خۆیـان دا ژن و ژنخوازی بکەن .

# پەرستگەی لالــش

**لالش** : پەرستگەی هەرە پیرۆزی ئاینی ئێزدی یە ، کە دکەوێتە ناو دۆلێکی نێوان سێ چیای گەورە، کە پڕە لە دارو درەخت و سەوزایی کە دیمەنێکی قەشەنگ و رازاوەی هەیە، دەربارەی وشەی لالش لە تێکستی ئیزدیەکاندا بەواتایی هێوینی زەوی دێت ، واتایی وشەی (لالش) بەزمانی ئاڤێستایی پیکهاتوو . لە (لاله) واته (چرا) وهشه بەواتای رووناکی گەش دێت، پێکەوە واتای چرای گەش یان سەرچاوەی رووناکی دەدن . لە ناوەوەی پەرستگەی لالش هێماو شێنوارەکانی میترایان ( خوڕ پەرستیان )زۆر بەئاشکرایی دەبینینەوە، سەرەڕای چەندین نەقش و نیگار لەسەر بەرد کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن . لە سەر دەمیٚ (شیخادی کوری مسافر) هاتووتە نوژەنکردن وزیاتر گرنگی پیٚ دراوە و پیرۆزی ئەم بەرستگەیە لەلایی ئێزدیەکانەوە دەگەرێتەوە بۆ :

١ – لالش سوری ژیانە و هەوێنی مەیینی زەوییە .

٢ – ( کانیا سپی ) لێ یە ، کە ئاوەکەی پاك وزولاڵ و پیرۆزە ، کە دەبێت هەر ئێزدیەك بە ئاوی ئەم کانییە بهێتە مۆرکردن ( تعمید ) و حەلالکردن لە پەرستگەدا ، فەرزێکی تەریقەتە لە سەر ئێزدیان.

٣ – لالش دەبێتە رووگەهی ( حەجی ) ئێزدیان و دەبێتە فەرز و ئەرك ، هەر ئێزدیەك لە جیهان دا دەبیٚ بەلای کەم جارێك روو بکاتە ئەم پەرستگەیە.

٤ – رێ و رەسمی چەندین جەژن و هەلکەوتی ئێزدیان لە وێ دێنە گێران .

٥ – هەبوونی قوب و ئاقد و نیشانکەکان و ( مەرقەدی )هەندێك لە خاس و چاکەکانییان لەم پەرستگەیە.



پەرستگەی لالش

## کتێبە پیرۆزەکانی ئاینی ئێزدی

ئێزدیان دوو کتێبی پیروزیان هەیە، کە ئەوانەش مسحەفا رەش و جەلوەن. ئەم دو کتێبە بە زمانی کوردین و بە پیتی تایبەت نووسراون. ناوەروکی مسحەفی رەش برێتیە لە هەبوونی خودا و فریشتەکان و چونیەتی ئافراندنی کنیات و بوونەوە و ئەرکان وفەرزەکانی ئاینی ئێزدیاتی ، زۆر جار بەناوی (قەرە فرقان) ناودراوە و ئێزدیەکان بروایان وایە کە ئەم کتێبە ئا سمانییە و بەشێوەی وەحی دابەزیوە تا گوتاری خودای بگەهینتە ئێزدیەکان جگە لە زانینی غەیب و باس لە دونادۆن (تناسخ الارواح)یش دەکات. و بەبۆچوونی ئێزیدییەکان چەند تێکستێکی دینی دەیسەلمێنن کە کتێبی مسحەفی رەش ئاسمانییە و لە لای خوداوە بۆ مەلەك فەخرددین هاتووە.

هەروەها کتێبی (جەلوە) لە دانانی شێخ حەسەنە، کەشەش سال خۆی خەلوە کردووە و ئەم پەرتوکەی داناوە کە تێدا باسی یەکتا پەرستی و بڕوا بەیەك خودای تاك و تەنیا و ساخلەتەکانی خودا، چۆنیەتی دانانی تاووس مەلیك وەك سەرۆکی فریشتەکان و پێ بەخشینی توکی ئەزەلی ، دیسان چۆنیەتی باوەڕ هێنان و جێبەجێکردنی ڕێورەسمی ئاینی و فەرزی حەقیقەت وفەرزی تەریقەت وئاموژگاری و شیرەت و راسپاردەی زۆری تێدایە ، ئەم هەموو بیرباوەڕانە بەشێوەیەکی تێکستی ئەدەبین کە بەشیعر دەچێت رێکخستووە ، و پێ دەلێن (قەول) و (بەیت)و(قەسیدە)و(دوعا). دوای نەمان و لە ناوچوونی ئەم دوو پەرتوکە ئەم تێکستە ئایینیانە هاتوونەتە پاراستن لە رێگای چەند قەولبێژێکی لێ هاتوو وەکو شێخ فەخر و پسی جەم و پیر رەشی حیران و چەندی دیکە، ئەم تێکستە بەسەر زاری یەوە پشتاوپشت سەردەم لە دوای سەردەم ماونەتەوە ئینجا نوسراون، تا ئێستا هەند ێکیان بە زارەکی ماونەتەوە. دەربارەی نەمانی ئەم دوو کتێبە، ئێزدی دەلێن لەبەر زولم و زۆرداری و فەرمانی قرکردن، کەبە سەر ئێزدیان بەدرێژی مێژوو هاتووە، لەبەر دەست نەماون بەلام ناوەروکیان تا ئێستاش وەکو بنەمای ئایینی ئێزدی ماونەتەوە لە رێگەی پیاوانی و ئولدار و قەوالەکانی ئێزدی هاتوونەتە لە بەرکردن و پاراستن.

## (ئە نجومەنی بالآی روحانی ئاینی ئێزدی)

ئەنجومەی روحانی : لە ناو ئێزدیەکان دا، بە بلندترین دەستەی دەسەلآتدار دادەنرێت، کە پێکهاتووە لەکومەلێك پیاوانی ئاینی و، میری ئێزدیان سەرۆکایەتی دەکات .ئەم ئەنجومەنە سەرپەرشتی هەموو کار و باری ئایینی و کۆمەلآیەتی دەکات، لە رابردوو ئەم ئەنجومەنە پێی دەوترا (مەحفەل) کەبارەگای سەرەکی ئەم ئەنجومەنە پەرستگای لالشە، پێکهاتی ئەم ئەنجوومەنە ئەمانەن:

١ - **میری ئێزدیان:** واتە میری هەموو ئێزدیەکان لە جیهان دا ، سەرۆکی ئەنجومەی باڵای رۆحانی ئێـزدی یـە ، کاروبـاری ئـاینی و دونیـای ئێزدیـەکان بـەرێوە دەبـات و لـە شارۆچـکەی باعـەدرێ نیشتەجێ یە ، دەبێت لە بنەماڵەی میر بێت.

٢ - **ئختیـاری مەرگـەهێ** : واتـە بـابێ شـێخ بـە بـەرزترین پلـەی ئـاینی و رۆحـانی دادەنرێـت ، لـە شێخی شەمسانی یە و لە بنەماڵەی شێخ فەخرە ، کە رێبـەری ئێزدیـەکان دەکـات ، چلەی هـاوین و زستان بە رۆژوو دەبێت و ساڵی دوو جار لە نێو ئێزدیەکان دەگەرێت بۆ بڵاوکردنـەوەی بیروباوەری ئاینی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و هانیان دەدات بۆ تـەبایی و چاکە و خێرخـوازی. هـەروەها ئەنجومەنێکی تایبەتیش هەیە کە گەورە پیاوانی ئاینی ئیزدی تیادا ئەندامن پێ دەڵێن ئەنجومـەی بابێ شێخ، ئەم پلە تا رادەیەك وەك هی ( پاپا)یە لە ئاینی مەسیحیدا . ئـەم پلەیـە پشتاو پشتە لـە نـاو بنـە ماڵـەی شـێخ فەخردایـە ، بـەلام دەستنیشـان کردنـی کەسـێك بـۆ ئـەم پلەیـە بـە هەڵبـژاردن دەبێت.

٣ - **شێخی وەزیر** : لە شێخەکانی شەمسانی یە و لە بنەماڵەی شێخ شەمسە، و پلە و پایەکی بلند و تایبەتی لە ئاینی ئێزدی دا هەیە ، یەکێکە لە ئەندامانی جڤاتی رۆحانی .

٤ - **پێشیمامی مەرگەهێ** : ئەویش لە شێخەکانی شەمسانی یـە و لـە بنەماڵـەی شـێخ شـەرفەدینە، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای رۆحانی یە و هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی بابێ شێخیشە .

٥ - **نەقیب** : لە چینی پیرەکانە و ئەندامی ئەنجومەنی رۆحانی یە و لەگەل گێرانی تاووس دەبێت.

٦ - **بابی گاڤان** : لـە چینی شیخە و لـە بنەماڵـەی ئامادەینـە ، یەکێکـە لـە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی رۆحانی و ئەنجومەنی بابێ شێخ و دەبێت کەسێکی زانا و شارەزا و بلیمەت بیت لە ئێزدیاتی دا .

٧ - **مەزنێ قەوالان** : ( سەرۆکی قەوالان ) کە لە چینی مورِیدە ، شارەزاییەکی باش و فراوانـی لـە تێکستە ئاینەکان دا هەیە ، و دەبێت لە گەڵ گێرانی تاووس دا بێت .

٨ - **بابێ چاویش** : ئەندامی جڤاتی رۆحانی یە ، دەرویشێکی پەرستگەی لالشـە وهـەموو ژیـانی خـۆی تـەرخان کـردووە بـۆ خزمـەتی پەرستگەی لالش، خـۆی لـە هـەموو خوشـی دونیـا بـێ بـەش کردووە، بۆ خزمەتکردنی ئایین و لە ژیانی خویدا ژن ناهێنێت .

٩ - **سـەردەری پەرستگەی لالـش** : ئەندامـە لـە جڤـاتی روحـانی و لـە بنەماڵـەی شـێخو بەکرایـە ، هەروەها دەبێت مریدیکیش کە بە پلەی فەقیریش بێت، ئەرکی سـەرەکی خزمـەتکردنی پەرستگەی پیرۆزی لالش بێت.

شایانی باسە کە ئەنجومەنی باڵای رۆحانی ئێزدیەکان وەکو دەسەڵاتێکی دینی و دونیایی لە ناو ئێزدیان دایە ، دەستەیەکی راوێژکاری هەیە کە پێکهاتووە لـە ( ٣٠) کەسـی شـارەزا و پسـپۆر و رەوشەنبیر و ئولدار ، کە یارمەتی و راوێژکاری ئەنجومەنی باڵای رۆحانی دەکەن بۆ هەر کارێکی پێویست.

## جەژنەکانی ئاینی ئێزدی :

ئێزدیەکان چەند جەژنێکی تایبەت بەخۆیان هەیە ، هەندێك لەو جەژنانە ریّ و رەسمەکانیان لەپەرستگەی لالش دەهێنە گێران وهەندیێك لەناو کومەڵگەی ئێزدیەکاندا .

**١-جەژنی سەرساڵ** : کۆنترین وپیرۆزترین جەژنی ئێزدیانە ، پیرۆزیەکەی دەگەرێتە وە بۆ سەرەتای ئافراندنی کنیات ، ئەم جەژنە دەکەوێتە چوارشەممەی یەکەمی مانگی نیسان بە ساڵنامەی رۆژهەڵاتی . ( ساڵنامەی زایینی سێزدە رۆژ لە پێش ساڵنامەی رۆژهەلاتی ئێزدی یە ) ئەم چوارشەممە ناودارە

بەچوارشەممەی سور . لەم جەژنەدا هەموو ئێزدیەکان جلی جوان لەبەر دەکەن وچەند ریّ و رەسمێکی تایبەت بەم جەژنە هەیە وەکو گێرساندنی سەدان چرا ومۆم لەپەرستگەی لالش ، ورەنگ کردنی هێلکە وهەتواسینی کولیلکی سوری نیسان لەسەر دەرگای خانووەکان ، لە رۆژی جەژن چەندین یاری تایبەت بەم جەژنە دهێنە کردن نموونە یاری هیلکانیّ وکابانیّ و......هتد وهەر لەم جەژنەدا ئێزدیەکان دەچنە ناو دەخل ودانیان بۆ سەیران وبەرەکەت ، هەر مانگی نیسان پیرۆزی و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، لە ناو ئێزدیەکاندا ژنهینان و ژن خوازی لەو مانگەدا گوناهە کە دەڵێن مانگی نیسان بوکی ساڵە، هەڵکەندنی زەویش کوناهە . هەر لەم جەژنەدا نانێکی تایبەت دروست دەکەن پێی دەڵێن (سەوك )و لەگەل شیرینی لەسەر هەژاران دابەشی دەکەن .

**٢- جەژنی چلەی هاوین** : یەکێکە لەو جەژنانەی کە ریّ ورسمەکەی لە پە رستکەی لالش دەگێرن ، ئەم جەژنە دەکەوێتە رۆژی ٣٠ی تیرمەه(تەموون) تا ٢ی مانگی تەباخ (ئاب) بە هژمارەی زایینی ، لە پێش ئەم جەژنەدا پیاوە ئایینیەکان وهەر کەسەکی بیەوێت چل رۆژ بەروژو دەبن ،هەر لەم جەژنەدا ئێزدیەکان دەچنە پەرستگەی لالش بۆ بەشداریکردن لە ریّ ورەسمەکانی ئەم جەژنە وەکو گێرسانی چرا ومۆم وگێرانی سەما وقەنتار ورێزکردنی قەول وبەیت لە بەر دەنگو ئاوازی دەف وشباب.

**٣- جەژنی چلەی زستان** : ئەم جەژنە دەکەوێتە (٢)ی مانگی شوبات لەرۆژ ژمێری زاینی وریّ ورسمەکانیش هەمان ری ورسمی جەژنی چلەی هاوینە کە بۆ ماوەی سیّ رۆژ بەردەوام دەبێت لە پەرستگەی لالش .

**٤- جەژنی جەمای** : یەکێکە لەجەژنە دیرینەکانی ئێزدیان بۆ ماوەی حەوت رۆژ کە (٦) تا (١٢) تەشرینی یەکەمی زایینی دەخاینێت، ریّ ورسمی ئەم جەژنە لە پەرستگەی لالش دەگێرن، لە هەموو ئێواران مۆم و چرادا دەگێرسێنن.و گیرانی ریّ ورەسمی سەما و قنتار لە هەموو رۆژان بەردەوام دەبێت و سمات (کە خواردنێکی تایبەتە) رۆژانە دهێتە دروست کردن وبە هەزاران ئێزدی لە هەموو جیهان سەردانی پەرستگەی لالش دەکەن بۆ بەشداری کردن لەم چەژنە دا.

لەرۆژی چوارەم پەری (قوماشێکی تایبەتە بە ناوی کانیا سپی دهێتە مۆرکردن )دەهێنە سوارکردن، لە سەر مەرقەدی چاکەکان دادەنێن و لەرۆژی پێنجەم رێ ورسمی قەباغ دەهێنە ئەنجامدان کە گایێك دەکەنە قوربانی بۆ خودای خۆر(روژ) ولە رۆژی شەشەم (بەرێ شباکێ) دهێتە سوارکرن کە رێو رەسمێکە لە بیرەوەری کراس گۆڕینی شیخادی کوری مسافرە، لەرۆژی دوای جەژندا هێمای تاووس دەهێتە پاك و تەمیزکردن کە پێ دەڵێن ( تاووس جوانکردن )، پێیان وایە هەر کەسێك لەم جەژنە دا بەشدار بێت لەگوناهەکان پاك دەبێتەوە.

لە رێورەسمی ئەم جەژنەدا دیاردەبێت کە نیشانەی روناکی وپاك کردنی دەرون و گیان و ئاواتی ساڵێکی پر خیرو بەرەکەت . بەختەوەری و لێبوردەی و حەلاڵ کردنی مرۆڤ وهەر کەسێك کە یەکەم جار سەردانی پەرستگەی لالش دەکات بەناوی کانیا سپی مۆردەکرێت .

**٥- جەژنی رۆژوی ئێزی** : ( ئیزی ناوێکە لەناوەکانی خودا ) دوای سێ رۆژ بەرۆژوبوون لەرۆژی چوارەم دا کە دەکاتە رۆژی هەینی سێیەم لە مانگی کانوونی یەکەم دەکەن بەجەژن ، مەبەست لەرۆژو گرتن جێبەجێکردنی فەرزێك لەفەرزەکانی تەریقەت وهەروەها خێرە بۆ ناوی خودا ، هەستکردن بە برسێتی بۆ ئەوەی یارمەتی هەژاران بدەن ، هەردیسان روژو گرتن ساخلەمییە، لەرۆژی جەژن دا ئێزدیەکان جەژنی یەکتر پیرۆز دەکەن وسەرەدانی مەزارگەی خاس وچاکەکان دەکەن.

**٦- جەژنی بێلندە** : ئەم جەژنە یەکێکە لە جەژنە هەرە دێرینەکانی ئێزدیان بە بۆنەی تەواوبوونی وەرزی چاندن دێت ، ئەم جەژنە دەکەوێتە هەینی یەکەم لە مانگی کانوونی دووەم لە رۆژ ژمێری زایینی، چەند رێورەسمێك هەنە وەکو دروست کردنی نانێکی تایبەت کە پێی دەڵێن (سەوك) وبەسەر یەکتر دا دەبەشنەوە و هەروەها خواردنی تایبەت ئامادە دەکەن وەکو (کەشك ، کشام، شلك) و(خەولێرە) ئەویش نانێکی تایبەتە یەك مێویژ دەکەنە ناوی و دەپێژرێت وئێوارەی جەژن ئەم خەولێرە بەژمارەی ئەندامانی خێزان کەرت دەکرێت و دابەش دەکرێت لە سەر ئەندامانی خێزان وئەوەی مێویژەکەی بۆ دەرچوو ،لەلایەن سەرۆك خیزانەوە خەلات دەکرێت وهەروەها لە ئێوارەی جەژن ئاگر هەلدەکەن ، پێی دەلێن(گورکا گای ) وئەندامانی خێزان هەر یەکی سێ جاران بەسەریدا بازدەدەن بەو بروایەی کە کوناحەکانیان دەسووتێنرێن،لە رۆژی جەژن دا ئێزدیەکان جەژنی یەکتر پیرۆز دەکەن .

**٧- جەژنی خدر لیاس** : ئەم جەژنەش دەکەوێتە پینج شەممەی سێیەم لە مانگی شوبات بەرۆژ ژمێری زایینی ، ئەوانەی کە ناویان خدر و ئەلیاسە سێ رۆژ لە پێش ئەم جەژنە بە رۆژوو دەبن ورۆژی چوارەم دبێتە جەژن . وچەندین ری ورەسمی تایبەت بەم جەژنە هەن وەکو دروستکردنی (قەلاتك) کە

پێکهاتووه لە برژاندنی هەندێك لە گەنم وجۆ وگارس و نۆك وئەمانە لەدوای پێکەوە دەهاڕن وپێ ی دەڵێن (پێخون) هەر لە بەیانی جەژن خواردنێکی تایبەت لە ساوەری برژاو دروست دەکەن پێی دەڵێن (چەرخووس ) ، لەم جەژنەدا راوو نێچیر و سەربرینی گیانەوەر گوناهە . وەك رێزگرتن بۆ نەبی خدر ونەبی ئەلیاس کە بڕوایان وایە دوو پیاو چاکی خودان.

**٨- جەژنی قوربان :** ئەم جەژنە دە گەرێتەوە سەر دەمی ئیبراهیم پێغەمبەر ( سلاوی خوا لێ بن) رێورەسمی ئەم جەژنە لەپەرستگەی لالش دەهێتە گێران، پێیان وایە لەکاتی ئیبراهیم پێغەمبەر (س) کە ویستی ئیسماعیل کوڕی سەر ببڕێت وەك جێ بەجێ کردنی ئەو سۆز وبەڵێنەی کە بەخودای گەورەی دابوو کاتی رزگاربوونی لە ئاگری نەمروودی گاور ، خودای گەورە لە باتی ئەوە بەرانێکی نارد بۆ ئەوەی بیکات بەقوربانی لە جیاتی کوڕەکەی، تا ئێستاش دەبێت هەر ماڵێکی ئێزدی لەم رۆژەدا قوربانییەکی نێرینە بدات.

**پرسیار:**

١- هۆی ئەوە چییە کە زۆربەی ڕێوڕەسمی بۆنەکانی ئێزیدی لە پەرستگەی لالش بەڕێوە دەچن؟

٢- ئێزیدیەکان چەند جەژنی تایبەتیان هەیە، بیانژمێرە؟

# پێرســـــــت


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٣ |
| ٢ | وەرزی یەکەم | ٥ |
| ٣ | بەشی یەکەم - باوەڕناسی | ٧ |
| ٤ | وانەی یەکەم- باوەڕو واتا بەخشین بە ژیان | ٩ |
| ٥ | وانەی دووەم – باوەڕو ئەرێنی بوون لە ژیاندا | ١٢ |
| ٦ | وانەی سێیەم– | ١٥ |
| ٧ | بەشی دووەم - ئیسلام و بەڕێوەبردنی ژیان | ١٩ |
| ٨ | وانەی چوارەم – دادپەروەری و عەدالە تخوازی | ٢١ |
| ٩ | وانەی پێنجەم – شورا( ڕاوێژ ) | ٢٦ |
| ١٠ | وانەی شەشەم – یەکسانی | ٢٩ |
| ١١ | وانەی حەوتەم - دژایەتی کردنی ستەم | ٣٣ |
| ١٢ | وانەی هەشتەم - ئاشتی | ٣٥ |
| ١٣ | وانەی نۆیەم – چاکسازی | ٣٩ |
| ١٤ | وانەی دەیەم - هەژار پەروەری | ٤١ |
| ١٥ | وەرزی دووەم | ٤٥ |
| ١٦ | وانەی یازدەم – ئیســلام و دیموکراســی | ٤٧ |
| ١٧ | وانەی دوازدەم – یەکسانی گەل و نەتەوەکان لە ڕوانگەی ئیسلامدا | ٤٩ |
| ١٨ | بەشی سێیەم- هێڵە گشتییەکانی تێڕوانینی ئیسلام بۆ سیستمی ئابوری | ٥٣ |
| ١٩ | وانەی سێزدەم - بنەماکانی تێروانینی ئیسلام بۆ مەسەلە ئابوورییەکان | ٥٥ |
| ٢٠ | وانەی چواردەم- ڕێسا گشتییەکانی یاساداناتی ئیسلامی لە مەسەلە ئابوورییەکان | ٥٨ |
| ٢١ | بەشی چوارەم - ئایینناسی (ئاینی ئێزیدی) | ٥٩ |
| ٢٢ | وانەی پازدەم - ئاینی ئێزیدی | ٦١ |
| ٢٣ | ناوەڕۆک | ٦٩ |